# ئاسۆی کتێبخانە

بڵاوکراوەیەکی مانگانەی تایبەتمەندە بەزانستی کتێبخانەو زانیارییەکان

کتێبخانەی گشتیی سلێمانی دەریدەکات   ژمارە (٤)   ٢٠١٠/١/١٣

## کتێبخانەی پەیمانگای ئەدەبیات لەتونس سووتا

بەپێی هەواڵی چەند ماڵپەڕێکی ئینتەرنێت، ڕۆژی ٢٠١٠/١/٥، ئاگر بەربووەتە کتێبخانەی پەیمانگای ئەدەبیاتی عەرەبی لەناوەڕاستی شاری (تونس)و لەئەنجامدا قەشەی ئیتاڵی (Ganin Batista)ی ئەمینداری کتێبخانەکە گیانی لەدەستداوە، هاوکات (١٧) هەزار کتێبو دەستنووسی دەگمەنیش سووتاوە.

لەم کتێبخانەیەدا کە ساڵی ١٩٢٦ دامەزراوە (٣٣) هەزار کتێبو دەستنووس هەبووە، بێجگە لەسەدان گۆڤاری عەرەبیی بەنرخ، لەگەڵ کۆمەڵێ چاپکراوی دیکە، ناوەندە روناکبیرییەکانی وڵاتەکە رووداوەکەیان بەکارەساتێکی گەورە لەقەڵەمداوە.

ئەمەو تا ئێستا هۆکاری سووتانی کتێبخانەکە، کە بەربووەتە نهۆمی خوارەوەی، نەزانراوەو دەزگا بەرپرسیارەکان خەریکی لێکۆڵینەوەن لەو رووداوە کە لەو وڵاتەدا بەکارەساتێکی دڵتەزێن ناودێر کراوە، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەو کتێبخانەیە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ ئەنجامدانی زیاد لەهەزار خوێندکارو توێژەرو مامۆستای زانکۆ کە لە هەر ساڵێکدا بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکانیان سەردانیان کردووە.

# بنکەی ژین.. بۆ بوژاندنەوەی کەلەپوری و بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی کرایەوە





ڕۆژی ٢٠٠٩/١٢/٢٨، بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە روناکبیران و نوێنەری دامو دەزگا رۆشنبیرییەکان، بەڕێز پارێزگاری سلێمانی لەئاهەنگێکدا (تەلاری ژین)ی تایبەت بە(بنکەی ژین بۆ بوژاندنەوەی کەلەپوری و بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی)ی لە گەڕەکی بەرانانی سلێمانی کردەوە.

تەلاری ژین، بەبودجەی زیاتر لەسێ ملیۆن دۆلار لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەسەر رووبەری ١٠٤٩ مەتر دووجا دروستکراوەو لەچوار نهۆم پێکهاتووە.

ئەم بنکەیە ساڵی ٢٠٠٤ بەرەزامەندیی حکومەتی هەرێم دامەزراوەو دەزگایەکی کلتوریی تایبەتمەندە بۆ کۆکردنەوەو پاراستن و ڕێکخستن و بڵاوکردنەوەی سامانی ڕۆژنامەوانی و بەڵگەنامەی کوردی و بیانیی تایبەت بە گەلی کورد، لەگەڵ کتێبی دەستنووسی زانایانی کوردو بەرهەمی وەچەی یەکەمی نووسەرانی گەورەی نەتەوەکەمان و بیرەوەریی مێژوویی و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی سەرچاوەکانی کوردناسی و ئامادەکردنی پێرست و بیبلیۆگرافیا.

لەل/٦دا بەسەرکردنەوەیەك لەسەر (بنکەی ژین) دەخوێنێتەوە.

## قەیرانی دارایی (مارکس) دێنێتەوە بەرچاو

saudiyoon



خاوەنی دەزگایەکی بڵاوکردنەوەی تایبەت بە ئەدەبیاتی کۆمۆنیستی لە ئەڵمانیا، جەختی کردەوە کە کتێبەکانی (کارل مارکس) لە پیشانگای کتێبی نێودەوڵەتیی فرانکفۆرتدا داخوازیی فراوانی لەسەر هەیە.

بەڕێوەبەری دەزگای (کارل دیتز فرلاغ) لە بەرلین کە بەشداریی پیشانگاکەی کردبوو، وتی: " لە ساڵی ٢٠٠٥ بەدواوە داخوازیی لەسەر کتێبەکانی ئێمە لە زیادبووندایە،کتێبی (سەرمایە)ی کارل مارکس و فریدریك ئەنگلس کە ساڵی١٨٦٧نووسراوە، لە چاپێکی جوان و بەرگێکی شیندا، پڕفرۆشترین کتێبی دەزگاکە بووە".

دواجار وتی:"وادیارە گەڕانەوە بۆ خوێندنەوەی کتێبەکانی مارکس لەزۆربوونی بەرچاودایە". لەکاتێکدا جیهان لە قەیرانی ئابووریی سەختدایە، بەپێی بۆچوونی بەڕێوەبەری دەزگای ناوبراو هەر کۆمەڵگایەك هەست بەپێویستیی سەرلەنوێ خوێندنەوەی مارکس بکات، ئەو کۆمەڵگایە ئاسوودە نییە.

## پێشانگای کتێبی دۆحە کرایەوە

دۆحە: کونا



ڕۆژی ٢٠٠٩/١٢/٣٠، بیستەمین پێشانگای کتێبی نێودەوڵەتیی دۆحە بە بەشداریی ٢٤ وڵات کرایەوە، بە بەراورد لەگەڵ پێشانگاکانی رابردوودا، ئەمجارەیان بڵاوکەرەوەی زیاتر، بە بەرهەمی بایەخدارترەوە بەشداریی پێشانگاکەیان کردووە.

ڕۆژانی پێشانگای دۆحە، کە کەوتوونە ساڵی تازەوە، وەك کەرنەڤاڵ وایە بۆ ئەو شارە کە بە پایتەختی رۆشنبیریی عەرەبی ناودێر دەکرێت، هەرچۆن چەند چالاکییەکی روناکبیریی هاوبەشی فەرەنسی- عەرەبی ساز دەکرێت، هاوکات بەشی نمایشی کتێبی فەرەنسیی لە پێشانگاکەدا زیاد لەدوو هەزار چاپکراوی نووسەرانی کلاسیك و هاوچەرخی فەرەنسا لەخۆ دەگرێت.

## (٢٠٠٩) ساڵی دابینکردنی کتێب

ئاسۆی کتێبخانە



کتێبخانەی گشتیی سلێمانی

ساڵی رابردوو، حکومەتی هەرێم لەرێی بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکانی سەر بە وەزارەتی رۆشنبیرییەوە، ژمارەیەکی زۆر کتێبی بۆ کتێبخانەکان دابینکردووە.

بەرپرسی چالاکی و دابەشکردنی کتێب لەبەڕێوەبەرێتیی ناوبراو وتی:

– کۆی ٥٨٠٣ کتێبی کوردیی لەنووسەران و دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە کڕاون، هەروەها کۆی ٣٨٧١٩ کتێب لەپێشانگاکانی (دار المدى) کڕاون و بەسەر کتێبخانەکانی سەر بە بەڕێوەبەرێتیی کتێبخانە گشتییەکان، هەریەك لە (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، کەرکوك، کۆیە، رانیە، گەرمیان و چەمچەماڵ)دا دابەشکراون.

لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بەڕێز محەمەد مێرگەیی وتی:

– هەروەها بەڕێوەبەرێتی گشتیی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوەو هەردوو بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێرو سلێمانی کۆی ٨٣٤٥ کتێبیان بەدیاری پێشکەش بەکتێبخانە گشتییەکان کردووە، ئەمە وێڕای دیاریی دامودەزگاکانی تری چاپ و بڵاوکردنەوە.

## پێشنیازێک

## لەپێناوی کتێبخانەکاندا

زۆربوونی ژمارەی کتێبخانە گشتییەکان و کتێبخانەی فەرمی و قوتابخانەو تایبەتمەندەکان لەکوردستاندا، وێڕای دووبەشی تایبەت بەخوێندنی زانستی کتێبخانەکان لەپەیمانگاکانی هەولێرو سلێمانی، ئەوە دەخوزان چاپکراوی بەکەڵك سەبارەت بەو بوارە بخرێنە بەردەستی پەیوەندیداران، هاوکات هەوڵی لەم جۆرە کەلێنێکی گەورە لە کتێبخانەی کوردیدا پڕدەکەنەوە، کەیەکجار لەو رووەوە هەژارە.

پێویستە سەرۆکایەتی پەیمانگا تەکنیکییەکان و وەزارەتی رۆشنبیری هانی پسپۆڕو نووسەرانی ئەو بوارە بدەن بۆ دانان و وەرگێڕانی چەندین بابەتی گرنگ کەئەمڕۆو سبەی لەخزمەتی کتێبخانەکانی کوردستان و کارمەندانیاندا دەبن.

دیارە پەرۆشیی مامۆستاو نووسەرانی ئەوبوارە هەنگاوی یەکەم دەبێت بۆ بەدیهێنانی ئەو پڕۆژە بایەخدارە.

سەرنووسەر

2 لەتیف هەڵمەت و یەکەمین کتێبخانە



3 کتێبخانەی گشتیی لەندەن



5 کارمەند لە کتێبخانە گشتییەکاندا



8 کتیبی چاپکراوو ئەلکترۆنی



# من و یەکەمین کتێبخانە

**لەتیف هەڵمەت**

لەتەمەنی هەشت نۆساڵیدا، هەستم بەبوونی بۆنی کتێب کرد. لە ماڵی خۆمانداو باوکم کتێبخانەیەکی داخراوی هەبوو، رەنگێکی سەوزی شێخانەی کردبوو، کە لەرەنگی کەواوسەڵتەکەی خۆی دەچوو. کتێبخانەکەی شێخ مەحمووی باوکم جێی چەند سەد کتێبێکی تێدا دەبۆوەو لە پاڵ ئەوەشدا، سێ تاقی لەناو ژووری تەکێکەی خۆیدا رەفەڕێژ کردبوو، پڕاوپڕ بوون لە کتێبو نامیلکەی گەورەو بچووكو کۆنو نوێی هەمەجۆر. کتێبە



کفری، چاپخانەی حاجی کەمال، ١٩٦٧

پەڕپووتو گەچڵاوەکانی بە کەتیرەی رەنگاو رەنگی کاغەز، نوێژەن کردبۆوەو هەندێکیشیانی بە کەتیرەی شلو کاغەزی رەنگامە، رازاندبۆوە...

لە کتێبخانەکەی باوکمدا، جگە لە قورئانی پیرۆز، ناوی سەدان کتێبم لەبیرماوە کە هەیبوون، لەوانە: تەفسیری جەلالەین، بەیزاوی، فەخری رازی، سەحیحی موسلم، سەحیحی بوخاری، قورتبی، قیسەسولئەنبیاو هەندێ لە کتێبەکانی ئیمامی غەزالی، ئینوسینا، مەسنەوییەکانی جەلالەدینی رۆمی، پەندەکانی فەریدەدینی عەتار، مەنتیق، لتەیر، بوستانو گولستانی شێخی سەعدی، دیوانی حافزی شیرازی، چوارینەکانی خەیام، ریازولسالحین، ایقاز الهمم، لەتائیفولمینەن، تەزکیرەتولئەولیا، جەلالەدینی سیوتی، قەسیدەی بوردیەو ئینجیلێکی کوردیو هەندێ کتێبی داستانو ئەفسانەو شانامەی وەکو ئەمیر ئەرسەلان، وەفاتنامە، میعراجنامە، ئیسماعیل نامە، سەنگتەراش، شیرنو فەرهاد، لەیلاومەجنوون، فەتحی قەڵای خەیبەرو دەیەها کتێبی دوعای جۆربەجۆری وەکو دێوبەن، چاوەزار، چلەبڕ، گوللەنەبڕ، ئەبودوجانە، قاقەزباڵاو دۆعای گەنجەلعەرشو هتد...

لەم کتێبخانەیەی باوکمەوە، دەستم بە خوێندنەوەی کتێب کردو سەرەتا داستانو ئەفسانەو شانامەکانم خوێندەوە کە زۆربەیان لەلایەن گەورە پیاوو خەمخۆری وشەی کوردی گومناو (محەمەد ئەمین عەسری) یەوە لە چاپخانەی تەرەقی چاپ کرابوونو دوای ئەوانیش کتێبی چیرۆکی ژیانی پێغەمبەران–قصص الانبیاء–م خوێندەوە، هەروەها قەسیدەی بوردیەو دووسێ ژمارەی کۆنی گۆڤاری گەلاوێژو کتێبی نهێنییەکانی بارزان"نازانم هی چ نووسەرێك بوو" هەروەها گۆڤارێکی دی بە ناوی "بڵێسە"وە. هەولێشم دا چەند پەڕەگرافێك لە ئینجیلە کوردییەکە بخوێنمەوە، بەڵام زمانەکەی تێکەڵەیەك بوو لە زاراوەی چەند ناوچەیەك، لەبەر ئەوە هیچی وای لێتێنەگەیشتمو وازم لە خوێندنەوەی هێنا. گرنگی ئەو کتێبخانەیەی باوکم کە لە ماڵەوە هەیبوو، بۆ من ئەوە بوو کە فێری خۆشەویستی کتێبو خوێندنەوەی کتێبی کردم...

دوای ئەوە لە تەمەنی دوازدە سیازدە ساڵیدا، خۆم فێری کتێب کڕین بوومو لەو سەفەرانمدا کە بۆ ماڵی مامو پوورو ئامۆزاو خوشكو خزمەکانمان لە کەرکووكو بەغدادو سلێمانیو هەولێر دەمانکرد، لێرەو لەوێ کتێبم دەکڕی، یان هەندێ لە خزمانم رادەسپارد کە فلان کتێبو فیسار دیوانم بۆ بکڕن، بەو جۆرە کاتێکم زانی بووم بە خاوەنی سەدان کتێبو دیوانە شیعری وەکو کتێبەکانی جوبران خەلیل جوبران، میخائیل نەعیمە، مستەفا لوتفی ئەلمەنفەلووتی، عەباس مەحموود عەقاد، جورجی زیدان، شارلۆك هۆڵمز، دیوانەکانی نزار قەبانی، بەدر شاکر سەیاب، مەحموود دەرویش، سەمیح ئەلقاسم، سالم جەبران، توفیق زیاد، ئیلیاس ئەبی شەبەکە، عەبدولوەهاب بەیاتی، فەدەوا تۆقان، نازك ئەلملائیکە، نالی، وەفایی، میسباحولدیوانی ئەدەب، تاهیر بەگی جاف، یونس رەئووف، دڵدار، ئەدیب، هەردی، شێخ رەزای تاڵەبانیو هتد...

ئیتر خێرا بیرم لەوە کردەوە ئەو جامخانەیەی کە لەماڵەوە هەندێ کاشیو شووشەی تێدا دانرابوو، بەتاڵ بکەمو ببێ بە کتێبخانەی کتێبەکانمو ئەو خەونەم هاتەدیو جامخانەکە ئەوەندە گەورەو فراوان بوو لە ساڵی ١٩٦٧– ١٩٦٨دا نزیکەی هەزار کتێبو دیوانە شیعری کوردیوعەرەبیو گۆڤاری هەمەجۆری تێدا بوو... ئیتر ئەم کتێبخانەیەی خۆم ببوو بە گەنجینەیەکی رۆشنبیری چڕو دەوڵەمەند بۆ خۆمو زۆربەی کاتەکانی خۆم، بە خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی ناو کتێبخانەکەی خۆمەوە بەسەر دەبردو لەکتێبی کتێبخانەکەی باوکم دوورکەوتمەوە، چونکە ئیتر من حەزو خولیای خوێندنەوەی کتێبم گۆڕابوو حەزم لە بابەتی دی دەکرد، نەك کتێبی ئایینی...

سەیریش ئەوە بوو، ئەوساش وەکو ئێستا



ناوپردان، ١٩٧٤

کتێبم بە کەس نەدەدا و هەتاکو ئێستاش نامەیەکی هاوڕێو برای بەرێزم "ئەحمەد شاکەلی"م لەلایە کە باسی ئەوەی تێدا دەکات کە کتێب بە کەس نادەم...

کاتێ لەناوەندی هەشتاکاندا ماڵی باوکم لە کەرکووکەوە بەرەو دارەتوو لە هەولێر راگوێزرانەوە، لەکەینو بەینی زەبروزەنگی رژێمو کۆچو باری ماڵی باوکمدا، کتێبخانەکەی منو باوکمیش، بە تاڵان براو هەندێ دەستنووسی شیعری باوکم لەگەڵ کتێبەکاندا سەری نایەوە... بەڵام سوپاس بۆ خوا، توانیم سەر لەنوێ کتێبخانەیەکی گەورەترو دەوڵەمەندترو پڕ کتێب تر، دروستبکەم.

# کتێبخانە شەخسییەکان لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی

**ئا. ڤان**

لەدوای نۆژەنکردنەوەی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی بە پێویست زانرا بەشێکی تایبەت بەو کەسانەی کە کتێبخانەی تایبەتی خۆیان پێشکەش بە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی کردووە، بکرێتەوەو تا ئێستا (٢٧) کتێبخانەی لە خۆگرتووەو ئەم بەشە لەناو (هۆڵی گۆران)دایە.

## یەکەمین کتێبخانەی شەخسی

مێژووی وەرگرتنی کتێبخانە شەخسیەکان بۆ یەکەم جار دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٤٧ کە یەکەمین کتێبخانە دیاری مامۆستا تۆفیق وەهبی بووە.

بەدوایدا کتێبخانەی ژمارەیەك لە ئەدیبو نووسەرو سیاسیو کەسایەتیی ناسراوی ئەم شارە بوونەتە جوانترین یادگار لەکتێبخانەکەداو سەرچاوەی دەوڵەمەند بۆ بەردەستی خوێنەرو خوێندکاران.

مەرجی وەرگرتنی کتێبخانە شەخسیەکان لەسەر بنچینەی سەرچاوەی بەنرخو ژمارەی کتێبەکانەو ناونانیان بە ناوی خۆیانەوەیە، وەرگرتنیشیان لەلایەن خوێنەرەوە بۆ ناوخۆی هۆڵەکەیەو لە هەندێ حاڵەتی تایبەتو گرنگ نەبێت، بردنە دەرەوەیان نییە.

گرنگیی کتێبخانە شەخسیەکان لەخۆگرتنی کۆمەڵێ سەرچاوەی بەنرخن کە دەستکەوتنیان لەلایەن خوێنەرەوەو بە تایبەتی لێکۆڵەرەوانو نووسەران، کارێکی گرانە بەتایبەتی چاپە کۆنەکان، بۆ نموونە:

کتێبی (ألفبای کوردی)ی ئەحمەد عەزیز ئاغای چاپی (١٩٣٦)، کتێبی (قواعید اللغة الکردیة/ جزء ١–٢)ی تۆفیق وەهبی چاپی (١٩٥٦) لەسەرچاوە دەگمەنەکانی ئەم کتێبخانە شەخسیانەن، لەگەڵ زۆر سەرچاوەی بەنرخی تر.

وەك بەشەکانی دیکەی کتێبخانە، هۆڵی گۆران لەهەردوو دەوامی بەیانیانو پاش نیوەڕوان دەرگای لەڕووی هاموشۆکەراندا واڵایە.

## ئەوانەی کتێبخانە بەناویانەوەیە

ئەوانەی لەکۆنەوە تاوەکو ئەمڕۆ کتێبخانەی خۆیان، لەماوەی ژیانیاندا پێشکەش بە کتێبخانە کردووە، یاخود دوای مەرگیان کەسوکاریان ویستوویانە یادگاری کۆچکردووی ئازیزیان بە نەمری بمێنێتەوەو هەر بەناوی کۆچکردووەکانەوە سپاردوویانە بەهۆڵی کتێبخانە شەخسییەکان کە بریتین لە کتێبخانەی خوالێخۆشبووان:

تۆفیق وەهبی، رەشید مەجید، جەمشید فوئاد، عەبدوڵڵا جەوهەر، شاکیر فەتاح، نوری کەریم، کەمال جەلال غەریب، حاکم ئیبراهیم عەلی شێخ، غەفور رەشید داراغا، عومەر عەبدولڕەحیم، جەلالی ئەمین بەگ، فەرەج ئەحمەد بابان، محەمەد کەریم فەتحوڵڵا، گۆران قەرەداغی، کاروان شەرعی، ئازاد مەحموود، رەفیق قەزاز، موسلح جەلالی.

لەگەڵ کتێبخانەی بەڕێزان:

محەمەد عەلی فەرەج، محەمەد نوری تۆفیق، عەبدوڵڵا ئاگرین، بەهادین نوری، حسێن بەفرین، حاکم لەتیف شێخ تەها، حاکم قادر حەمە جان، د. فەرەیدون قەفتان، عومەر محەمەد ساڵح.

# خانەی سمۆرە

# پێشنیارێك و دوو سەرنج

**گوڵستان سەعید***

روونو ئاشکرایە، خانەی سمۆرە بۆ چاپەمەنی منداڵان، رۆڵێکی زۆر ئاکتیڤی لە بواری دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی منداڵی کورددا، گێڕاوە. بەرهەمەکانی ئەم دەزگایە، تا ئێستا تایبەتن بە بابەتی چیرۆکی پەروەردەیی بەسوود بۆ منداڵان بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیارییو رۆشنبیریی منداڵانو باشتر ئاڕاستەکردنیان بۆ ژیان، بۆئەوەی لەڕووی پەروەردەییو رەوشتو ئاکارەوە، تەندروست و باش بن. هەروەها، لەپێناو بەرزکردنەوەی حەزی خوێندنەوە، هەردەم پەرتووکەکانی بە چاپێکی رەنگاوڕەنگی قەشەنگو پەڕەو بەرگی جوان، پێشکەش کردوین کە هەموو ئەمانە جێگەی دەستخۆشیو پێزانینن.

بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە لای من، ئەم دەزگایە:

١– کەمتر بایەخی بە (هەڵەبڕی چاپ) داوە، چونکە هەڵەی چاپی زۆری تێدا بەدی ئەکرێ، بۆ نموونە: زیادوکەم دانانی خاڵێك، پیتەکە دەگۆڕێ، وەك پیتی (ر) بە خاڵێکی زیادە ئەبێ بە (ز). ئەمەش لەڕووی فێربوونەوە، کاریگەریی خراپی بۆ سەر منداڵ هەیە و مانای وشە لای منداڵ دەگۆڕێ. لەبەرئەوەی چاپەمەنییەکان تایبەتن بە منداڵ، پێویستە لەو ڕووەوە بایەخی زیاتر بە (هەڵەبڕی)و ڕێنووس بدرێ.

٢– لەڕووی (جزوبەندی) پەرتووکەکانی ئەم دەزگایەوە، چاپەمەنیەکانیان زۆر زوو لەیەك هەڵدەوەشێنو دەفەوتێن. ئەمە زیان بە منداڵو کتێبخانەکانیش دەکەوێ کە بە ئاسانی ئەرشیف



ناکرێ. هەروەها بۆ ئەوەی زۆرترین منداڵ بیانخوێنێتەوەو بەردەوام دەبێ چاك بکرێنو رێك بخرێنەوەو پەڕەکانیان بەیەکەوە بلکێنرێتەوە.

جگە لەم سەرنجانەی کە پێشکەشم کرد، پێشنیارێکم بۆ خانەی سمۆرە هەیە، ئەویش بریتیە لەوەی ئەم خانەیە لەپاڵ کتێبی چیرۆکی پەروەردەییدا، بایەخ بە بابەتەکانی تریش بدەن، چونکە لەو رووەوە، کتێبخانەی منداڵانی کورد هەژارە، ئەوانیش وەك بابەتەکانی ئینسکلۆپیدیا، بانکی زانیاری، بابەتی زانستی هەمەچەشنە، کتێبی مێژوویی، جوگرافی، دەروونزانیو پەروەردەی کۆمەڵایەتی کە لە هەموو روویەکەوە ئاستی منالٚ بەرزتر دەکەنەوە. دەستخۆشیم بۆ یەکە بەیەکەی کارمەندانی خانەی سمۆرەو دەستی ماندوێتیان دەگوشم.

* لێپرسراوی بەشی منداڵان لەکتێبخانەی گشتیی سلێمانی

لەم کتێبە

**● پ.د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ**

## دایك

"دایك"ی مەکسیم گۆرکی، یەکەمجار لە عیراق کرابوو بە عەرەبی، نووسەرو خاوەنی گۆڤاری "المجلة" کە گۆڤارێکی چەپ بوو لە مووسڵ دەردەچوو کردبوویان بە عەرەبی، هەر ڕێك زەنوون (ذوالنون) ئەیووبو عەبدولحەق فازیل (فاضل) کردبوویان بە عەرەبیو بە کاغەزی بۆر چاپکرابوو، هەرلە کتێبخانەی "بیری نوێ" وەرمگرتو لە (کاکەی فەللاح)م پرسی ئایا دەتوانم بە قەڵەمی ڕەش مانای هەندێك ووشە بە کوردی بنووسم، زۆری پێخۆشبوو.

هەر بە جۆری کتێبی پێشوو مانای ووشەکانم لە باوکم دەپرسیو دەمنووسی، دیم ئەمجارە عەرەبییەکەم باشتر بوو (ساڵ ١٩٤٦ بوو، لەپۆلی دووەمی ناوەندی بووم) لەو کتێبەوە، لە ناوەڕۆکەکەیەوە گەلێك شت فێر بووم. (پاڤل)ی پاڵەوانی ڕۆمان، نوێنەری چینی کرێکار، دایکی (پاڤل) کە پاش گرتنی کوڕەکەی لە بڵاوکردنەوەی چاپکراو، یا بەیاننامەی نهێنیدا جێی کوڕەکەی دەگرێتەوە، خۆشیی دواکەوتنی ڕووداو لە ڕۆماندا، تائێستاش چێژێکی خۆشم دەداتێ.

تەمەن چووە پێشەوە، ساڵی ١٩٥٢ لە بەغداد بووم. چاپێکی باشترو ڕەنگە بڵێم وەرگێڕانێکی باشتری (دایك) بە کاغەزی سپی چاپکراو لە لوبنانەوە هاتە بەغداد، کە (فوئاد ئەیووب) وەریگێڕابوو، کەوتە بەردەست، کە پێشەکییەکی باشی لەگەڵدا بوو. یەکەمجار بوو بە شێوەیەکی باش باسی ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕی ببیستم، یا هەر بەڕێکیو بەپێی بەرنامە باسی ڕیالیزمو پلەکانی (ریالیزمی سۆشیالیستی) بخوێنمەوەو لەباسی (گۆرکی)دا ئەوە بزانم کە گۆرکی بە دەستپێکەر یادامەزرێنەری ریالیزمی سۆشیالیستی دەزانریو ڕۆمانی (دایك) یەکەم ڕۆمانە کە بچێتە ئەو خانەیەوە، چونکە لە چیرۆكو ڕۆمانەکانی پێش ئەودا هێشتا ئەو ڕێبازە بە هەموو دیمەنەکانییەوەو بە قارەمانو کەسانییەوە لەلای گۆرکی نەچوونەتە ناو ئەو ڕێبازەوە.

گۆرکی، ڕۆمانی (دایك)ی پاش سەرنەگرتنی ڕاپەڕین، یا شۆڕشی ١٩٠٥ی رووسیا نووسیوە، لێرەدا گۆرکی لە قارەمانیو ئاڵا هەڵگرتنی (پاڤل)دا بانگەوازی ئەوەدەکا کەدەبێ سەرکردەییو ئاڵا بدرێتە دەست چینی کرێکارو ئەوە گەورەترین بانگەواز بوو کە لە ئۆکتۆبەری ١٩١٧ دا ڕوویدا.

پاش ئەوە ڕۆمانی (دایك)م نەخوێندۆتەوە، بەڵام لەوشتانە بوو کە حەزم دەکرد بە فیلم بیبینم، ئەوەبوو لە مۆسکۆ دیم.

چەند کتێبێکی تر هەیە هەر بە فیلم، یان لەسەر شانۆ دیمنو دەمویست بزانم رووس چۆنیان کردووە بە فیلم، یا بردوویانەتە سەر شانۆ، ئەوانەش دێمە سەر باسیان.

"دایك" جارێك لە فارسی یەوە کراوە بە کوردی، کاکە حەمەی مەلاکەریم سەرپەرشتی چاپی کردبوو، دەیووت: وەرگێڕانێکی تری دەوێتو زۆر لەگەڵما خەریك بوو کە یەکسەر لەرووسی یەوە وەریبگێڕم، بەتەمابووم بەڵام سەری نەگرت، بەشکم لەشو تەمەن ئەو شەرەفەشم پێببەخشن.



**لەکتێبخانە بەناوبانگەکانی جیهان**

# کتێبخانەی گشتیی لەندەن

## British Library

**ئا. ساکار عەلی عەبدوڵڵا**

گەورەترین کتێبخانەی گشتیی لە لەندەن و گرنگترینیان "کتێبخانەی گشتی بەریتانیا"یە کە بەشێکە لە مۆزەخانەی وڵاتەکەو چەند سەدەیەك لەمەوبەر دامەزرێنراوەو دواجار لەسەرەتای سەدەی بیستدا لە مۆزەخانەکەدا جێگیر بووە.

هۆڵی گەورەی خوێندنەوەی لە ساڵی ١٨٧٥ لەسەر دەستی (ئەنتۆنیۆ بانتیرزی) دروست کراوە کە بەڕەچەڵەك ئیتالی بووەو دواتر دەوڵەت ڕێزی لێناوەو نازناوی (سێر)ی پێبەخشیوە، ئەو هۆڵە بە گەورەترینو جوانترین هۆڵەکانی بەریتانیا دانراوەو قوببەی سەرەوەی چێوەکەی ٤٠ پێیە، ژێرەوەی بازنەییەو پێڕستی کتێبەکانی گرتووەتەخۆ و لەناو ئەو بازنەیەدا "کە بە ٢٥ میل مەزندە کراوە" دۆڵابی کتێبەکان دانراون و لە ٢٣٠٠٠٠٠ کتێب پێکهاتوون، بێجگە لە کۆمەڵێ چاپکراوی تر کە لە هۆڵەکانی تردا دانراون.

سەرەتادا کتێبخانەکە جۆرێ لەخوێنەران ڕوویان تێدەکردو بە وردی سەرچاوەکانیان هەڵدەبژارد، ئەوانیش بریتی بوون لە ڕووناکبیرو ئەدیبان، بەڵام داهێنانی (سێر بانتیرزی) لەوەدابوو کە دەروازەی لەرووی سەرجەم ئەو کەسانەدا واڵاکردبوو کە بە شوێن خۆراکی ئاوەزو چێژوەرگرتنی هزریاندا، عەودالْ بوون. ڕێگاپێدان بەچوونە ناو کتێبخانەکەوە، وایکرد لە کەمترین ماوەداو بێ هیچ تێچوونێك، خوێنەران بتوانن چییان دڵخوازە، چنگیان بکەوێت.

کتێبخانەی بەریتانیا لەئاستێکدایە، ئەوانەی کە خوێندنەوەیان کردووە بە خولیایەکی بەردەوام، ڕۆژانی هەفتە هاموشۆی کتێبخانەکە بکەن، بێجگە لەڕۆژانی (یەکشەممە) کە پشووی فەرمییانە، لەو خوێنەرانە تێیاندایە زیاد لە کاتەکانی مانەوەیان دەبەخشنە هۆڵەکانی خوێندنەوەی کتێبخانەکە، ئەمەش وایکردوە ببێتە جێگای هەمیشەییانو هەریەکەیان کورسی تایبەت بە خۆیان بۆ تەرخان کراوە.

شایەنی باسە ئەم کتێبخانەیە، دوای کتێبخانەی کۆنگرێسی ئەمریکی بە دووەم کتێبخانە دانراوە، چونکە خزمەتگوزاریی لەو



{ئەم کتێبخانەیە، لە جیهاندا دووەم کتێبخانەیە و ٢٣٠٠٠٠٠ کتێبی لەخۆ گرتووەو ٢٤٠٠ کارمەند کاری تێدا دەکەن}

کەمتر نییەو دیارە (کۆنگرێس) خاوەنی توانایەکی دارایی یەکجار زۆریشە.

ئەم کتێبخانەیە ژمارەیەکی زۆر لە کتێبی بییانی لەخۆگرتوە، لەوانە (٢٦٠) هەزار کتێبی هێنراو لەکاتی داگیرکردنی وڵاتی هیندستان، هەروەها دەوڵەمەندە بە سەرچاوەکانی مێژووی جیهان کە بەهای هەرگیز بەپارە مەزەندە ناکرێتو خاوەنی (٦٦٠) هەزار بابەتە لە کتێبو دەستنووسو خاوەنی چاپی یەکەمی ئەو کتێبانەشە.

ئەرشیفی ئەم کتێبخانەیە، بەبوونی نۆتەی موزیكو لەگەڵ دوو ملیۆن قەوانی موزیك، دەوڵەمەندەو خاوەنی چوار ملیۆن نەخشەیە لەمەڕ هەموو شارەکانی جیهان، بێجگە لەمەش خاوەنی زیاتر لە هەشت ملیۆن پولی پۆستەی جیهانیو وێنەی دەگمەنی گرانبەهایە.

کتێبخانەی گشتیی لەندەن ٢٤٠٠ کارمەندی تێدایەو ساڵانە نیو ملیۆن میوان رووی تێدەکات.

سەرچاوە:
– ماڵپەری: Bl.uk
– ماڵپەڕی: British Library



# چۆن کتێبەکانمان دەشاردەوە؟

**فوئاد عەبدولڕەحمان***

لە ساڵی ١٩٨٠دا، ڕژێمی بەعس وەکو سزادانێك بۆ خەڵکی شاری سلێمانی، کە دژی هەڵوێستە شەڕانگێزەکانی بوون، کاردانەوەیەك لە کاردانەوە نامرۆڤایەتییەکانی ئەوە بوو، کە بڕیاری دەرکرد زانکۆی سلێمانی لە شارەکە هەڵکەنێو لە بریی ئەوە زانکۆیەك لە شاری هەولێر بە ناوی زانکۆی سەلاحەدین دابمەزرێنێ، ئەو ناوی سەلاحەدینەشی بۆ ئەو زانکۆیە هەڵبژارد، هەر بۆ ئەوەی کە یەکێ بێ لە ناوی شوهرەتەکانی خۆی کە کوڕی پەروەردەی شاری تکریت– سەلاحەدین بووەو خۆی بەو سومبوڵە دەزانی. لەگەڵ هەڵوەشاندنی زانکۆی سلێمانی، زۆربەی زۆری مامۆستاو کادرە زانستییەکانو کارمەندو کرێکارەکانی، پەرشو بڵاوە پێکردو بە هەڕەمەکیو بە زۆر، بەسەر دامو دەزگا حکومییەکانیدا دابەشی کردن.

ئەو سەردەمە، کارمەندی کتێبخانەی زانکۆی سلێمانی و لێپرسراوی بەشی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بووم، بە بێ خواستی خۆم، فرمانی گواستنەوەم بۆ (ئیدارەی محەللی) دەرچوو، لەوێ داوام کرد بۆ کتێبخانەی گشتیی سلێمانی بنێردرێم، چونکە حەزو شارەزاییم بۆی هەبوو. بۆ ئەو مەبەستە داوای پشتگیریم لە بەڕێز خوالێخۆشبوو (عەبدوڵڵای کەریم عەلاف) کرد، کە ئەمینداری کتێبخانەکە بوو. ئەویش ڕازیبوونی خۆی نواند.

ئەو کاتەی بۆ کتێبخانەی گشتی گواسترامەوە، بەڕێز (محەمەد فەتاح قادر) لە کارمەندە هەڵکەوتووەکانی بوو. لە ڕاستیدا مانەوەم لە کتێبخانەی گشتی لەو ساڵەدا، چەند مانگێکی خایاند، چونکە دووبارە فرمانی گواستنەوەم بۆ بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی سلێمانی دەرچوو، کە لە بەشی کتێبخانەکان دانرامو هەر لەو ساڵە لە پاش چەند مانگێك، ناچار بووم وەزیفە بەجێ بهێڵمو هەڵبێمو ڕوو لە شاخ بکەم.

لە ساڵی ١٩٨٨ بارودۆخ گۆڕانێکی بەسەر هاتو (عافوات)ێ دەرچوو. گەڕامەوەو چوومەوە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی. ئەو ساڵە جگە لەخوالێخۆشبوو (عەبدوڵڵای کەریم عەلاف) کە ئەمیندار بوو، هاوڕێی هونەرمەندم (یاسین قادر بەرزنجی) لە کتێبخانەکە کارمەند بوو. لەو ماوەیەدا دیسان سەختیو ئاڵۆزی دەستی پێکردەوەو بەهۆی جەنگی "عێراق– ئێران"ەوە کە کەوتە ناوچەی سنووری سلێمانیشەوە، شارەکە زۆر ناهەموار بوو.

یەکێ لە کارە چەپەڵەکانی دەزگای ئەمنی ڕژێمی بەعس کە لە شارەکەدا دەیکرد، ئەوە بوو، هەفتانە چەند (ئەمنێکیان) بۆ کتێبخانە دەنارد و بە دڵی خۆیان بە نێو کتێبەکانی نێو کتێبخانەکەدا دەگەڕانو سەدان کتێبیان هەڵدەبژاردو ناوی (مەمنووع)یان لێ دەنان و فرمانیان بە ئێمە دەدا کە خێرا بیانفەوتێنینو بیانسووتێنین!

لێرەدا بۆ مێژوو دەیگێڕمەوە، کە منو بەڕێزان یاسین بەرزنجیو محەمەد فەتاح قادر، زۆر لەو کتێبانەمان لە فەوتانو لەنێوبردن پاراستو ڕزگارمان کردن. بە بیانووی ئەوەی بیانبەین لە پشتی بینای کتێبخانەکەوە بیانسووتێنین، زۆر بە نهێنی هەموویمان لە ژوورێکی گەنجینەی ناو گۆڕەپانەکەدا لەژێر ڕۆژنامە کۆنەکاندا، شاردەوە.

ئەمە بێجگە لەوەی ناوبەناو لە (ڕەقابە)ی وەزارەتی ڕۆشنبیریو ڕاگەیاندنەوە (کە لەژێرەوە سەر بە ئەمنی دەوڵەت بوو)، لیستی کتێبە قەدەغەکان دەهاتنو دەبووایە کۆبکرانایەوە و بۆ بەغدا نێردرابان.

بەبیانووی نەمانو ڕزینی بەشێکیانەوە لەوانیشمان دەشاردەوە. بارودۆخەکە کەمێك هێور بووەوە، هێنامانو خستماننەوە نێو

ڕەفەکانی کتێبخانەکەوە. بەشێکیشیان لەگەڵ ئازادیی ڕاپەڕیندا، ئازادکران. بێگومان هەموو ئەو کتێبە بەنرخانە، ئێستا بەشی لە ئاماژە بۆکراوەکانن کە لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانیدا ماونو خوێنەران سوودیان لێدەبینن.

*کارمەندی پێشووی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی

# کوردو زانستنامە (ویکیپیدیا- Wikipedia)

ئا. شلێر ساڵح فەرەج*

ویکیپێدیا ( بە ئینگلیزی : Wikipedia ) زانستامەیەکی سەر تۆڕی ئینتەرنێتە و بە شێوازی ئازاد بڵاودەبێتەوە. وتارەکان لە لایەن بەکارهێنەرانی خۆبەخشەوە پێکدێن، هەر بۆیە هەموو کەس لەسەر تۆڕی جیهانی بۆی هەیە دەستکاری بکات.

وشەی ویکیپیدیا لە دوو برگە پێکهاتووە: ویکی (مەبەست پەڕەیەکە دەتوانرێ دەستکاری بکرێت) و ئینسایکلۆپیدیا (بە مانای زانستنامە لە یۆنانیەوە: وشەی ئینکیکلۆس- پیدیا، واتە نوسینگەی پەروەردەیی). خانەخوێی سەرەکیی ئەم ماڵپەرە گەورەیە لە فلۆریدای ئەمریکادایە.

ویکیپیدیا بە (ئینسایکلۆپیدیا) یاخود زانیارینامە دانراوە. ویکیپیدیا زانیارینامەیەکی ئازادە، پڕۆژەیەکی کراوەیە کە هەموو کەس دەتوانێ بەشداری لە نووسینی بکات، هەروەها پڕۆژەیەکی نێودەوڵەتییە کە تایبەتمەندییەکەی لەوەدایە هەموو کەس بۆی هەیە وتارەکانی بگۆڕێت، یا شتیان تیا زیاد بکات. بۆ بەشداربوون لەم سایتەدا پێویست بە پارە ناکات و خەڵکی لەسەرتاسەری جیهانەوە دەتوانن لە نووسینی ئەو زانیارینامەیەدا، بەشداربن.

هۆی دروستکردنی ویکیپیدیا هەوڵی دابینکردنی هەموو زانیارییەکانی جیهان لە یەك شوێندایە. لە مێژوودا زۆر ئینسایکلۆپیدیا هەبووە، هەرە ناودار لەلایەن زانایەکی وەك ئەرستۆ یان ئیبن سینا، فرانسیس بەیکن، ژان بابتیست، هەروەها ئینسایکلۆپیدیای لو ڕۆند دالبێرت و دێنیس دیدرپت دانراون. لە دوای نیسانی ٢٠٠٧، ویکیپیدیا بووە بە یەکێك لە ١٠ ماڵپەڕی بەناوبانگی جیهان بە پێی ژمارەی سەردانکەران. ئێستا ژمارەی تەواوی وتارەکان ٤٦,١٣,٧٣٣ وتارە ، کە ٣,٠٠٦,٢٠٢ی بە زمانی ئینگلیزییە. ژمارەی بەکارهێنەرانی تۆمارکراو لە ئێستادا ١٠,٤٥٣,٠٤٦ کە (١,٦٧٧) بەڕێوبەرن.

ویکیپیدیا زانستنامەیەکی گشتیی و کراوەیە، واتە هەمووان دەتوانن بابەت بنووسن یان ئەو بابەتانەی کە پێشتر نووسراوە، بگۆڕن. بەڵام ئەو نووسین و گۆڕانکارییانە دەبێت لە چوارچێوەی یاساکانی ویکیپیدیا ئەنجام بدرێن. ئەمەش بەو واتایە دێت کە نووسراوەکان دەبێت سەلمێنراو، سەربەست و بێلایەن و بێ پێشێلکردنی مافەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی خەڵکانی دیکە بێت.

نووسراوەکان لە لایەن گروپێکی بەڕێوەبەر چاودێری دەکرێت، ئەو گروپە بابەتەکان هەڵدەسەنگێنێت و ئەگەر هەر جۆرە نالەباری یا پێشێلکاریەکی تێدابێت، تێدەکۆشێت تا چاکی بکاتەوە، بەڕێوەبەرانی ویکیپیدیا زۆر بایەخ بە دروستی بابەتەکان و مافەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە ئەدەن.

سەبارەت بەجێی بڕواو متمانەبوونی ویکیپیدیا، هەمیشە کێشە هەبووە، بڕێ کەس لەبەر خۆڕایی بوون و بەربڵاوبوونی بابەتەکان و بێلایەنیەکەی، ستایشی دەکەن و هێنیدێکی تر بە هۆی ڕێگەدان بە هەمووان بۆ دەستکاریکردنی، لایان جێگەی متمانە نییە. هەروەها ویکیپیدیا لەبەر لاواز بوون بەرامبەر بە خراپکارییەکان و سەپاندنی ڕای گشتی بەسەر بڕوادا ڕەخنەی لێ دەگیرێت. ئەگەر چی دوایین لێکۆڵینەوە پێمان نیشان دەدات کە خراپکارییەکان زۆر بە خێرایی لە لایەن ئەو بەکارهێنەرانەی بایەخ دەدەن، تاووتوێ دەکرێن و دەکرێ بڵێین ویکیپیدیا وەك زانستنامەیەکی تر جێگایەی متمانەیە.

> {زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانەی ئێستا لە ویکیپیدیادایە و یەکەم جاریشە کە لەسەر ئینتەرنێت، زانستنامەیەکی کوردی بڵاوبکرێتەوە}

مێژووی سەرهەڵدانی ویکیپیدیا، بۆ یەکەمجار لە کانونی دووەمی ٢٠٠١دا بە پێشینەیەکی کورتی هەر ئەو شێوازە تەنها بە زمانی ئینگلیزی دەستی بە کارکردن کرد. لە کۆتایی ساڵی یەکەمدا، ژمارەی وتارەکانی گەیشتە ٢٠٠٠٠ و بە ١٨ زمانی جیاواز، لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٤ گەیشتە ١٦١ زمانی جیاواز. لە ساڵی ٢٠٠٤ ژمارەی وتارەکانی لە ١٠٥ زماندا گەیشتە ١ ملیۆن. بەڵام لە ئێستادا بە ٢٧٥ زمانی نەتەوەکانی جیهانەو زیاتر لە ١٤ ملیۆن وتاری لەخۆگرتووە، زمانە جیاوازەکان پەیوەندییان بە یەکەوە نییە، پێکەوە نەبەستراونەتەوە و بەیەك سنووردار نەکراون و بەتەواوی جیاواز لە یەك درێژە بەکار دەدەن. ئەگەرچی لە نێوان زمانە جیاوازەکاندا وێنەکان هاوبەش نییە، بەڵام بە کەڵك وەرگرتن لە "ویکی کۆمۆنس" ئەو کێشەیە چارەسەر بووە.

لۆگۆی ویکیپیدیا وەك خۆی جیهانێکی کراوەیە و تیپێك لە ئەلف و بێی هەموو زمانێکی جیهانیی تێدایە.

ویکیپیدیا (دەق و وێنە و دەنگ) لە خۆدەگرێ.

### ویکیپیدیا ئەم شتانەی خوارەوەی تێدایە

١- شوێنی بڵاوکردنەوەی ڕیکلام، ٢- لیستی لینکەکان، ٣- فەرهەنگ، ٤- ژووری گفتوگۆکان

ویکیپیدیا هیچ بەڵێنێك لەسەر (Validity) نادات.

### تۆ ئازادی

- ویکیپیدیا بەکاربهێنە لەسەر بەرپرسیارێتی خۆت.
- ویکیپیدیا ڕێنمایی و ئامۆژگاری پێشکەش ناکات.
- ویکیپیدیا ڕای یاسایی نادات.
- ویکیپیدیا لەوەیە ڕاپۆرتی بێ بەڵگەو/ یا نابەجێی تێدا بێت.
- بیرورا ئەگەر هەبوو، ئەوا بۆچوونی نووسەرەکەی دەردەخات، نەك بۆچوونی ویکیپیدیا.
- ویکیپیدیا لە زانیارییە بڵاوکراوەکان، بەرپرسیار نییە.
- تەنها قەرەبوویەك کە لەبەر دەستدابێ لە کاتی ڕوودانی هەر زیانێکدا، ئەوەیە کە واز لە پڕۆژەکە بهێنیت.
- هەرچیت ئەوێ بە ئازادی بینووسە، بەڵام دەبێ بۆ ئەوانی تر، سوودبەخش بێت.
- ئاگاداربە کەسانێك هەن باوەڕ بەو بابەتانە دەکەن کە دەینووسی.
- بە ڕاستگۆیانەو پێنووسێکی ڕاستگۆ بنووسە.

داهێنەری ویکیپیدیا، پێی وایە دەبێ بەچۆنیەتی بریتانیکا ببی و تەنانەت بەرچاپ بکەوێت، هەروەها دەڵێ: (ویکیپیدیا هەوڵێکە بۆ خولڵقاندن و بڵاوکردنەوەی زانستنامەیەك بەباشترین شێواز بۆ هەموو جیهان و بەزمانی زگماکی خۆیان).

### چۆنیەتی مافی بڵاوکردنەوە

بەڵگەنامەی مافی پێکهێنانی ئازادی گنۆ (GFLD) کە وتارەکانی ویکیپیدیا بەکەڵك وەرگرتن لەوە بڵاودەبێتەوە، بەڵگەیەکە کە مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی دووبارە، پێکەوەلکاندن و کەڵك وەرگرتنی وتارەکان بە هاوردنی ناوی نووسەر دەدات، کاتێ کەسێك نووسراوێك دەسپێرێتە ویکیپیدیا، مافی پێکهێنانی ئەچەسپێتە سەرئەوە، بەڵام دەبێ رازی بێت کە نووسراوەکەی بەپێی بەڵگەنامەی مافی (GFLD) بڕواتە ژێر دەستی گشتی، ئەگەرچی هەموو نووسراوەکان، لەبەڵگەنامەو هێندێ لەوێنەکان‌و پەڕگەکانی دەنگ، خۆڕایی نین‌و هێندێ تر وەك لۆگۆی کۆمپانیاکان، مافیان پارێزراوە .

### کام لە زمانەکانی جیهان لە ویکیپیدیا زۆرترین وتاری لە خۆ گرتووە؟

ئەم لیستەی خوارەوە وەڵامی پرسیارەکە دەداتەوە، بە ڕێژەی ئەو وتارانەی بەو زمانانە بڵاوکراونەتەوە:

١. ئینگلیزی. ٢. ئەڵمانی. ٣. فەرەنسی. ٤. پۆڵەندی. ٥. ژاپۆنی. ٦. ئیتاڵی. ٧. هۆڵەندی. ٨. ئیسپانی. ٩. پۆرتوگالی. ١٠. ڕووسی.

### زمانی کوردی لە ویکیپیدیادا

شایانی باسە زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانەی ئێستا لە ویکیپیدیادایە. ڕوونتر بڵێین یەکەم جاریشە لەسەر ئینتەرنێت، زانستنامەیەکی کوردی بڵاوبکرێتەوە. بەشە کوردییەکەی ویکیپیدیا لە ٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٤ دا بە هەوڵی (ئەداڵ ڕۆناهی) دامەزرا. لە ١٥,١,٢٠٠٤یشدا ویکیپیدیای کوردی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێتدا دەستبەکار بوو، وتارەکان بە شێوەزاری کرمانجی بوو.

زۆربەی زمانناسەکان، زمانی کوردی بە Macro language دەزانن کە لە چەند شێوەزار یان زاراوە پێکهاتووە. تێگەیشتن و بەتایبەت قسەکردن و نووسین بە شێوەزارەکانی تر، زۆر سەختە و فێرکاریی و ڕاهێنانی دەوێت. بڕێك دەڵێن کە دەبێ زمانێکی دەستکردی (ستاندارد) کوردی بە تێکەڵکردنی شێوەزارەکان دروست بکەین‌و زۆر کەسیش دژ بەم بڕیارەن. هەڵبژاردنی شێوەزارێك و نافەرمیکردنی شێوزەکانی تریش، دوژمنی زۆری هەیە. ئەم حاڵەتە بۆ چەند زمانی دیکەش هەیە، وەك چینی و نەرویژی کە زمانەکەیان ئێستا چەند ستانداردییە، ئەو زمانانەش بۆ هەر شێوەزارێکیان ویکیپیدیایەکیان داناوە.

سۆرانییەکان "کرمانجی خواروو" لە دوو وڵاتی ئێران و عێراقدا دەژین، لە مێژە لەم دوو وڵاتەدا، ئەلفوبێی عەرەبی بەکاردێت و کوردەکانیش ئەلفوبێی کوردیان لە ئەلفوبێی عەرەبییەوە وەرگرتووە. نووسەرە سۆرانییەکان نووسراوەکانیان بە ئەلفوبێی عەرەبییەوە بڵاودەکەنەوە، هەروەها کتێبەکانی قوتابخانە لە هەرێمی کوردستان، ڕۆژنامەکان، گۆڤار و ماڵپەرە سۆرانیەکان بە ئەلفوبێی عەرەبی دەنووسرێن. خوێندن و نووسین بەم (ئەلفوبێ)یە بووە بە نەریت، چونکە نووسینی کوردی بە ئەلف و بێی لاتینی بۆ زۆربەی سۆرانییەکان سەختە، بەتایبەت ئەگەر دەقێکی درێژ بێت، بەهۆی ئەمانەوە بڕیاریان داوە وتارە سۆرانییەکان بە ئەلف و بێی عەرەبی بنووسرێن.

چەپ بۆ ڕاست بوونی ڕووکاری بنەڕەت لە ku.wikipedia.org کێشەیەکی گەورە بوو بۆ نووسین بە ئەلفوبێی سۆرانی کە تاڕادەیەك ئەم کێشەیە بە دروست کردنی دوو قاڵبی RTL و / RTL چارەسەرکرا، بەڵام کاتێك بەکارهێنەر زمانی ڕووکاری دەرکرد بە سۆرانی، ئەمجارە وتارە کرمانجییەکان "کرمانجی ژووروو" دەشێوان کە نەدەکرا بۆ هەموو وتارە کرمانجییەکان کە ژمارەی (١٢٠٠٠) وتار بوو، قاڵبی LTR دابنێین، دەکرێ بڵێین لە ئێستادا کێشەی تەکنیکی ویکیپیدیایی کوردیی زۆر کەم بۆتەوە.

لە حاڵەتی بنەڕەتدا (Default) زمانی ڕووکاری (Interface) لە ku.wikipedia.org دا کرمانجییە کە ئەمەش کێشەیەك بوو بۆ دۆزینەوەی وتارە سۆرانییەکان. وەك زانراوە لە گەورەترین چالاکییەکانی ویکیپیدیا ئەوەیە کە زۆر بە ئاسانی دەتوانی زمانەکانی تری (بەستەر) بۆ وتارە کرمانجیەکان و سۆرانییەکان دابنێن، ئەمەو چەندین کێشەی تر چالاکوان و بەڕێوبەرانی ویکیپیدیای کوردی هاندا کە هەوڵەکانیان بخەنە گەڕ، ئەمەش پانۆرامای هەوڵەکانیانە کە دەستخۆشییان لێ دەکەین، لە:

٥ ی نیسانی ٢٠٠٩ : داوای پڕۆژەیەکی زمانی نوێی ویکیپیدیا بکرێ بۆ شێوەزاری کوردی- کرمانجی خواروو.

١٠ی نیسانی ٢٠٠٩: کۆمیتەی زمان لە بونیادی ویکیبیدیا (بەڕێوبەری پڕۆژەی ویکیپیدیا) لە بواری زمانناسییەوە داواکارییەکەی پەسەند کرد.

١٦ی نیسانی ٢٠٠٩: وەرگێڕانی ٥٠٠ پەیام و وشەی سەرەکی بەرنامەی میدیاویکی بۆ کرمانجی خواروو کۆتایی هات.

١٧ی نیسانی ٢٠٠٩: وەرگێڕانەکانی میدیاویکی گوێزرانەوە بۆ زمانێکی نوێ بەناوی Sorani-Ckb (کوردی).

١ی حوزەیرانی ٢٠٠٩: پڕۆژەی نووسینی یارمەتی و ڕێنوێنی بۆ ویکیپیدیا (کرمانجی خواروو) دەستی پێکرد. پێڕستی پەڕەکانی ڕێنوینی.

١١ی ئابی ٢٠٠٩: دروستکردنی ویکیپیدیای کرمانجی خواروو پەسەند کرا.

١٢ی ئابی ٢٠٠٩: ویکیپیدیای کوردی (کرمانجی خواروو) دامەزرا.




### سیاسەتەکانی دەستکاری ویکیپیدیا

ویکیپیدیا، داوا لە هەموو دەستکاریکەران دەکات کە کاتی نووسین بێ لایەن بن و بڕواکانی خۆیان تێکەڵاوی وتارەکان نەکەن. هۆکار ئەوەیە کە بەکارهێنەر بڕوای خۆی بنووسێت، دەبێ ئەرخەیان بێن کە کەسێك هەیە لەگەڵ ئەو بڕوایە نەبێت‌و لەبەر کراوەبوونی ویکیپیدیا، بەخێرایی دەسکاری ئەو نووسراوە دەکات‌و دەیسڕێتەوە. ئەوە شتێك نییە (ویکی) بیەوێت ڕووبدات. سەبارەت بە وتارەکان، ویکیپیدیا تایبەتمەندییەکی تری هەیە، ئەوەش هەبوونی لاپەڕەیەکە بە ناوی "وتووێژ" بۆ هەر وتارێك کە کێشەکانی ئەو وتارە وەك هۆکاری گۆڕانکارییەکان، وەرگرتنی دەنگەکان بۆ گۆڕانکاری، وەرگرتنی دەنگەکان بۆ سڕینەوەو وەك ئەمانە لەوێدا تاووتوێ دەکرێت.

### بەڕێوبەرایەتی و دەستکاری

لە نێوان دەستکاریکەرانی ویکیپیدیا، جیاوازییەك نییەو بە ڕای گشتی بەڵێن دەدرێت بۆ جێبەجێ کردن، وەك ئامارەکانی ویکیپیدیا نیشانی دەدەن یەك لە چواری سەرقاڵی ویکیپیدیا، ئەو بەکارهێنەران‌و خاوەن هەر ژمارە نین‌و کەم ڕووئەدات هەوڵی دەستکاری بدەن. ئەرکی پاراستن و چاکسازی لەسەر شانی گروپێکی خۆبەخشە لە چاودێران و بەڕێوبەران. بەڕێوبەر ئەو کەسەیە کە دەتوانێ بەرگری بکات لە دەستکاری وتارێکی تایبەت، یا بە پێی سیاسەتەکان دەست پێ گەیشتنی بەکارهێنەرێك لە دەستکاری بەربەست کراوە، هۆکاری ئەوەش لادانی لە یاساکان و سیاسەتەکانی ویکیپیدیا بووە.

ئەم زانستنامە کوردییە ٥١٩ وتار بە زمانی کوردی (شێوەزاری کرمانجی خواروو-سۆرانی) تێدایە، نزیکەی ٧٠٠٠ وتاری سۆرانیش لە ویکیپیدیای کرمانجییەوە هێنراوە، هەتا ئامادەکردنی ئەم وتارە، ویکیپیدیای کوردی ١٢,٦٩٥ وتاری بە زمانی شیرینی کوردی لەخۆگرتووە.

بۆ زانیاری دەربارەی وتارە کرمانجییەکان، سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکە:

www.ku.wikipedia.org

بۆ وتارە سۆرانییەکانیش:

www.ckb.wikipedia.org

کەواتە ئێمەی کورد دەکرێ ئەم زانستنامەیە دەوڵەمەند بکەین و کلتور و ناسنامەی نەتەوەییمان بە جیهان بناسێنین، وتار لەسەر زانایان و ناودارانی کورد بە ئازادی و ڕاستگۆیانە بنووسینەوە و ئەو سەرچاوەو زانیاریانەی شاردراوەیە بیخەینە ڕوو، بە تایبەتی دەربارەی ڕەچەڵەکی زمان و مێژوو، هەروەها کتێبخانەکان کە زانستگەیەکی هەمەلایەنە و شوێنەوارەکانمان لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا بێت، نەوەکانی ئێستا و داهاتوومان و خەڵکانی دیکەیان پێ ئاشنا بکەین.

ئەم چەند پڕۆژەیەی دیکە، ڕێکخراوی ویکیمیدیایە، کە خانەخوێی ویکیمیدیا بەڕێوەی دەبات‌و کلیك لەسەر هەر کام لەو پڕۆژانە بکەی چەندین زانیاری دیکە وەردەگری.

– لەچەند ماڵەپرێکی ئەنتەرنێتەوە ئامادەکراوە.

* لێپرسراوی بەشی پێڕست‌و پۆلین
لەکتێبخانەی ناوەندیی زانکۆی سلێمانی
shlersalh@hotmail.com

# کارمەند لەکتێبخانە گشتییەکانداو مەعریفە بەخشین

## "نازانم.. ئەو شتە چییە بیزانم"

ئاسۆ حەسەن*

هەموو لایەك دەزانین کتێبخانەی گشتیی سەنتەرێکی خزمەتگوزاریی زانستیو رۆشنبیرییە و زانیاری دەبەخشێتە چەند توێژێکی کۆمەڵایەتی دیار، بۆیە جۆری خزمەتگوزارییەکەی تایبەتمەندییەك وەردەگرێ، رێساو سیستەمێکی واش پێڕەو دەکات کە باشترین خزمەتگوزاری پێشکەش بە خوێنەرو داواکارانی زانستو زانیاری بکات. بۆ بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکەش، پێویستی بە کارمەندی تایبەتمەند بە بواری زانستی کتێبخانەکان هەیە، تاکو لە کارو ئەرکی خۆیانو شێوازەکانی گەیاندنی زانیاری شارەزاو پسپۆڕ بنو بزانن چ جۆرە رەفتارێکی شیاوو گونجاو دەکەن.

کتێبخانەی گشتیی بەو ئەرکەی پێی سپێردراوە، بۆ گۆڕانکاری لە نێوکۆمەڵگەو داهێنانی نوێو بەرکەنارکردنی کۆن، رۆڵێکی گرنگ دەبینێ. لێرەشدا دوو بابەت سەر هەڵدەدەن..

یەکەمیان: خودی کتێبخانە خۆیەتی کە پێویستە چۆن بێو چەند زانیاری تێدا کرابێو بە چ شێوەیەك زانیارییەکان پێشکەش بکاتو بە چ سیستەمێکی سەردەمیانە بەڕێوەبچێ!

دووەمیش: کارمەندانی کتێبخانەن، کە پێویستە شارەزاو پسپۆڕبن لە کاری خۆیانو لە چۆنییەتی گەیاندنی زانیارییەکان بە داواکارو نواندنی رەفتاری گونجاوو رێنمایی کردنی خوێنەر بۆ چوونە نێو زانیارییەکانو یارمەتیدانیو هاندانیان بۆ سوود وەرگرتنی بەردەوام.

لەم سەردەمەدا کتێبخانەی گشتیی تەنها ئەرشیفی کتێب نییەو سەرچاوەکانی زانیاریشی هەر کتێبو گۆڤارەکان نین.. وەك پێشان کتێبخانەکان هەریەکەو بە سیستەمێکی تایبەت گیرۆدە نینو لەیەکدی دابڕاوبن، بەڵکە کتێبخانەش بەپێی پێشکەوتنو پێداویستەکانی سەردەم، گۆرانکاری گەورەی تەکنەلۆژیو تیۆری بەسەردا هاتووە، کۆمپیوتەرو ئیمیلو ئینتەرنێت، هاوبەشیەکی تەواویان لە خزمەتگوزارییەکاندا کردووەو زانیارییەکان ئامادەو بەخێرایی دەگەن.

بە ئۆتوماتیك کردنی کتێبخانەو داهێنانی کتێبخانەی ئەلکترۆنیو بەدیجیتاڵکردنی زانیارییەکان، کارئاسانییەکی زۆری بۆ کارمەندان هێناوەتە کایەو خوێنەرو ئەوانەی بە دوای زانیاریدا دەگەڕێن، دەتوانن بە کەمترین کات،

{بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکو رۆڵو ئامانجەکانی کتێبخانە، کارمەند رۆڵی گرنگ دەبینێو کارێکی گرانی لە ئەستۆدایە، بەتایبەتی لەرووی گەیاندنی مەعریفەیەکی کۆمەڵگەییدا کە ببێتە مایەی گۆڕانگاریو نوێگەریی... }

زۆرترین زانیاری وەدەستبخەنو بەشێوەیەکی زۆر ئاسانتر لە جاران، بچنە نێو ئەرشیفی هەر کتێبخانەیەك و مەعریفەیەك بۆ خۆیان پێکەوە بنێن، بەشدارییەکی باشیش لەو گۆڕانکارییانەدا بکەن کە بۆ ژیانی کۆمەڵگە پێویستە. کتێبخانەی سەردەم جگە لە سەرچاوەی چاپکراو، سیدیو دیڤیدییەو وێب سایدی لەنێو ئینتەرنێتدا هەیەو خوێنەر لە هەر شوێنێ بێت، دەتوانێ بگاتە زانیارییەکان، چونکە بە سیستەمێك بەڕێوەدەچێ کە هەموو خوێنەرێك بە جیاوازی تەمەنو قۆناغی خوێندنو ئاستی رۆشنبیریو رەگەزو بیروبۆچوونەوە، باشترین سوودی لێ وەربگرێ.

بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکو رۆڵو ئامانجەکانی کتێبخانەش، کارمەندی کتێبخانە رۆڵی گرنگ دەبینێو ئەرکێکی گرانی لە ئەستۆدایە بەتایبەتی لە گەیاندنی مەعریفەیەکی کۆمەڵگەیی وا کە ببێتە مایەی گۆرانکاریو نوێگەری.

مەعریفە لە کۆمەڵێك زانیاریو زانیاریش لە چەند داتایەك پێکدێ. ئەمەش دەرەنجامی ئاوێتە بوونێکی ئاسایی زانیارییەکانو واقیعی کۆمەڵایەتی هەر تاکێکە، کە بە دوای مەعریفەدا دەگەرێ.

دیارە مەعریفەش.. بریتییە لە زانینیی مرۆڤ سەبارەت بە هەموو ئەو دیاردانەی پەیوەندییان بە



چەند کارمەندێك لەکتێبخانەی گشتیی سلێمانی

ژیانی رۆژانەیەوە هەیە. بە واتایەکی دی.. مەعریفە بریتییە لە کۆمەڵێك راستیو پرەنسیبو زانیاری کەڵەکەبوو، کە مرۆڤ ئەقڵی بەسەریاندا دەشکێو لێیان تێدەگات.

خوێنەر بەهاریکاری کارمەندی شارەزای کتێبخانە، دەشێ بچێتە نێو زانیارییەکانو مەعریفەیەکی کۆمەڵگەیی لەلا دروست بێت. لە پرۆسەیەکی جدییانەی ئاوێتە بوونو قووڵبوونەوەشدا لەگەڵ ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییەی تێیدا دەژی، مەعریفەی کۆمەڵگەیی گەڵاڵە دەبێت، تاببێتە ئەگەری هاندانی خەڵك بەشداری لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا بکەن. واتە مەعریفەی کۆمەڵگەیی بەهۆی پەیوەندییەکی کارلێککردن لە نێوان هزرو بۆچوونی تاكو ئەو واقیعەی تێیدا دەژی، دروست دەبێت.

لێرەدا دەتوانین بلێین مەعریفەی کۆمەڵگەیی بریتییە لە: پەیوەندی دیالەکتیکیانەی نێوان کۆمەڵگەو مەعریفە لەلایەكو پەیوەندی نێوان چوارچێوەی کۆمەڵایەتیو هزر لەلایەکی دیکەوە. واتە ئەو گۆڕانکارییانەی لە ئەنجامی کۆمەڵێك کارلێكو ئاوێتە بوونو کەڵەکە بوونی زانیارییەکان، روودەدەن.

یەکێك لە فاکتەرە گرنگەکانی دروستبوونی مەعریفەی کۆمەڵگەیی، رۆلی گرنگو شایستەو رەفتاری بەرپرسیانەو ئیتیکی (رەوشتی پیشەیی) و شارەزایی کارمەندی کتێبخانەیە بە زانستی کتێبخانەکانو پەخشکردنی مەعریفە.

ئەم رۆڵە گرنگەی کارمەندی کتێبخانە لە سالانی نەوەدەکانو بەدواوە، درکی پێکراوەو کەوتۆتە بەر باسو لێکۆڵینەوە، بەتایبەتی رەوشتی پیشەی "Athics " کارمەند.

لێرەدا بەپێویستی دەزانین لەمەر رەوشتی پیشە"أخلاق المهنه Athics " هەڵوەستەیەك بکەین، چونکە زۆر گرنگە بۆ کارمەندو چۆنیەتی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ خوێنەرو داواکارانی زانیاریو خزمەتکردن بەو توێژە گرنگەی کۆمەڵگە کە بریتین لە قوتابی رۆشنبیرو نووسەرو توێژەرو زاناو مامۆستا، کە بژاردەیەکی کارای پێشکەوتنی زانستیو تەکنەلۆژیاو توێکاریو گۆڕانکارین لە نێوکۆمەڵگەدا، بۆیە رەفتارکردن لەگەڵ ئەو بژاردەیە، رێسا و ئادابێکی تایبەتیو زیرەکانەی دەوێو دەبێتە هاوبەشییەك لە کاری زانستییانەو مەعریفی ئەوانو سوودبەخشین بە کۆمەڵگە. ئەو ئادابو رێسا تایبەتییەی کارمەندی کتێبخانە پێی دەگوترێ "رەوشتی پیشە" کە بریتییە لە کۆمەڵێك پرەنسیبو بنەماو نەریت، دەبێ لە کارمەندی کتێبخانەدا هەبێتو پابەندی بێتو لە روانگەیەوە، رەفتار لەگەڵ خوێنەرو داواکارانی زانیاری بکات.

بۆ ئەوەی لەو رەفتارەیدا سەرکەوتوو بێتو ئەرکی سەرشانی خۆی کە گەیاندنی زانیارییە بە داواکاران جێبەجێ بکات، کە لەئەنجامدا خزمەتکردنە بە زانستو بەرژەوەندی گشتیو پێشکەوتن.. ئەمەش خۆی لە چاپووکیو هێمنیو هاوسەنگیو رووخۆشیو پاکیو هەردەم ئامادەبوون بۆ هاریکاریو جیاوازی نەکردن لە نێوان خوێنەرانو رێزگرتن لەرای بەرانبەرو ئارامگرتنو دروستکردنی پەیوەندییەکی دۆستانەدا دەبینێتەوە، کە بنەمای کارەکەی ئەون. لێرەشدا بۆ ئەوەی کارمەندی کتێبخانە بتوانێ بەرەوشتی پیشەکەی پابەندبێو پەیڕەوی لێ بکات، پێویستە مەعریفەیەکی تیۆری باشی هەبێت، بەتایبەتی دەربارەی زانستی کتێبخانەو زانیارییەکانو بەردەوامیش ئەو مەعریفەیەی لەرێگەی خوێندنەوەو راهێنان لە خولی تایبەتدا پەرەپێبدات، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە تەکنەلۆژیای پێشکەوتن زۆر خێرایەو کتێبخانەش لە گۆڕانی بەردەوام دایە.

هەروەها کارمەندی کتێبخانە دەبێ درك بەو خزمەتو کارەی خۆی بکات کە پلەوپایەکی کۆمەڵایەتیو رۆشنبیری بەرزی پێ دەبەخشێ.

کارمەندی کتێبخانەی گشتی دەبێ بڕوانامەی زانستی کتێبخانەو زانیارییەکانی هەبێتو لەبەکارهێنانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێتدا، شارەزایی تەواوی هەبێت، بەردەوامیش لە خۆنوێکردنەوە دابێتو کتێبو سەرچاوەکانی زانیاریو پیشەکەی خۆی خۆشبوێ، هەردەمیش بەرژەوەندی گشتی بخاتە سەرووی بەرژەوەندی کەسی خۆیو لەگەڵ

{یەکێك لە فاکتەرە گرنگەکانی دروستبوونی مەعریفەی کۆمەڵگەیی، رۆڵی دیارو رەفتاری ئیتیکی (رەوشتو ئادابی پیشەیی)و شارەزایی کارمەندە بە زانستەکانی کتێبخانە}

خوێنەرو سەرچاوەکانی زانیاریدا، راستگۆبێت. هەردەم وریابێتو هەموو ئەوانە بناسێ کە داوای سەرچاوەی لێ دەکەن. لێرەدا پێویستە رێز لە پیرۆزیو ئادابی گشتی بگرێو نهێنی پارێزو جیدی بێت لە کاری خۆی، ئەگەر زانی یەکێك داوای سەرچاوەیەك دەکاتو رەنگە زیانی بۆ داواکار هەبێت، بەشێوازێکی رێکوپێك داوای لێبوردنی لێ بکات. شارەزاو پسپۆربێ لە رەفتارو ئیتیکی (Athics )ی خزمەتگوزاری زانستیو هەموو دەم هاندەرو هاریکار بێت بۆ هەموو ئەوانەی سەردانی کتێبخانە دەکەن، هەرچەندە سیستەمی کارو، داکردنی زانیاریو، شێوەکانی پێشکەشکردنی بە خوێنەر لە کتێبخانە سەردەمیانەو باشو خێرا بێت.

بەڵام ئەگەر کارمەندی نموونەییو لێهاتووی نەبێت، پرۆسەکە ئیفلیجو پەککەوتە دەبێت. خوێنەرو ئەوانەی دەیانەوێ سوود لە کتێبخانە وەربگرن، لەرێگەی کارمەندەکانەوە دەتوانن باشترو زووتر و ئاسانتر بچنە نێو زانیارییەکانو سوودی لێ وەربگرن. کارمەند دەتوانێ رێنمایی خوێنەر بکات چۆن خواستو ئارەزووەکانی بهێنێتە دیو لە سیستەمو رێساو بڕیارەکانی کتێبخانە شارەزابێتو بتوانێ مەعریفەیەك بۆ خۆی دەستەبەربکات.

رەنگە هەموو کەس نەزانێ چ شتێك پێویستە بیزانێ، بەرچاوی روون نییەو نازانێ چۆن پێداویستییە هزرییەکانی خۆی بەدەستبخات، گەر کارمەندی کتێبخانە یارمەتی نەداتو رێنمایی نەکات. خۆ دوور نییە کارمەند خۆیشی بە هەمان باردا تێپەڕێو نەزانێ خوێنەر چیدەوێ؟ چۆن سوودی پتر وەردەگرێ؟ یان نەزانێ چ بکات بۆ ئەوەی بزانێ چۆن خزمەتگوزاریی زانستییانە پێشکەش بە خوێنەر بکات؟

ئەگەر بڕوانامەی لە زانستی کتێبخانەو زانیارییەکان نەبێو شارەزاو لێهاتوو نەبێ، یان ئەرکی سەرشانی خۆی بە باشترین شێوە جێبەجێ نەکات، بەردەوام خولو راهێنانی لەسەر دەستکەوتە نوێو تەکنەلۆژییەکانی خزمەتگوزاری کتێبخانە نەدیبێ.

* بەرێوەبەری گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
لە وەزارەتی رۆشنبیری

# بنکەی ژین

## ماڵێك بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی ورۆژنامەوانیی کوردی

**ئا. رۆژیار**

کاتێك سەردانی بنکەی ژین دەکەیت، هەر زوو بۆن و بەرامەی بووژاندنەوەی کەلەپوری بەڵگەنامەیی و رۆژنامەوانی کوردی دەکەیت. لە نهۆمی یەکەم کتێبخانەیەکی گەورە پێشوازیت لێدەکات کە وێڕای ئەرشیفکردن و پاراستنی زۆرینەی ئەو رۆژنامە و گۆڤارو بڵاوکراوە کوردییانەی لە مێژووی نزیکەی (١١٢) ساڵی رابردوودا دەرچوون، چەندین کتێبی بەنرخی مێژوویی تێدایە کە ئەمڕۆ لە کتێبخانەی کوردیدا بەدەگمەن ماونەتەوە. لە نهۆمی دووەم وێڕای بوونی چەند کارمەندێك کە بەردەوام سەرقاڵی کارکردنن، دەیان وێنەی کەسایەتییە روناکبیرییەکانی کورد و لۆگۆی بڵاوکراوە کوردییەکان، چەندین دیکۆمێنت و بەڵگەنامە نمایش کراون، هەر لەنێو بنکەکەدا، هۆڵێکی رازاوەشی بۆ کۆڕو کۆبوونەوە تێدایە.

### سەرەتایەکی باش

بنکەی ژین وەك دەزگایەکی ناحکومی بەرەزامەندیی و هاریکاریی حکومەتی هەرێم، لە مارتی (٢٠٠٤) دامەزراو دوای (٤) مانگ دەستبەکار بووە.

مامۆستا رەفیق ساڵح ئەحمەد (بەڕێوەبەری بنکەی ژین) کە هەمیشە بەچاویلکەکەیەوە سەرقاڵی تاوتوێکردنی ئەو کتێب و بەڵگەنامانەیە کە دێنە بنکە تاکو بۆ چاپ ئامادەیان بکات، لەبارەی ئامانجە سەرەکییەکانی بنکەی ژینەوە، وتی:



رەفیق ساڵح ئەحمەد

"بۆ سەرلەنوێ هێنانەوەیان بۆ نێو کتێبخانەی کوردی، هەر لەسەرەتاوە کۆمەڵێك رۆژنامە و گۆڤاری کۆنی کوردیمان چاپ کردەوە کە هەندێکیان بۆ یەکەمجارە چاپ بکرێنەوەو پرۆژەیەکی واگەورە بە ئەنجام بگەیەندرێن، دیارترینیان چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەمانە بوون: رۆژنامەی (کوردستان)ی سەردەمی کۆماری مەهاباد "کە بە هاریکاریی دەزگای ئاراس بوو"، هەروەها رۆژنامەی (ژیان) ژمارەکانی (٢٥٩–٣٢٠، ٣٢١–٤٠٠)، گۆڤاری (رۆژی کورد)، گۆڤاری (نیشتیمان)ی بڵاوکەرەوەی فکری کۆمەڵەی ژێکاف، بەڵگەنامەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، رۆژنامەی (تێگەیشتنی راستی) و هەروەها (خەبات)ی ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان. ئێستاش لەبەرنامەماندایە سەرجەم ژمارەکانی گۆڤاری (هەتاو) بەهاریکاریی دەزگای (موکریانی) لەچاپ بدەینەوە".

سەبارەت بە بایەخدان بە کەسایەتییەکانیش، وتی "دوای پەیوەندیکردن بەبنەماڵە و کەسوکاری چەندین کەسایەتی سیاسیو رووناکبیری کورد، بۆ کۆکردنەوەی بەرهەمو دەستنووسە جێماوەکانیان، تائێستا توانیومانە سەرجەمی بەرهەمەکانی هەریەك لە کەسایەتییە بەناوبانگەکان (ئەمین زەکی بەگ، تۆفیق وەهبی بەگ، عەبدولعەزیز یامولکی، محەمەد رەسوڵ هاوار، ، د. ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر) کۆبکەینەوەو بەشێکیان لەچاپ بدەینەوە، ئەوانی تریش بۆ چاپ ئامادەن. هەروەها یادەوەرییەکانی (محەمەدی شاپەسەندی، محەمەدی نوری، محەمەد رەسوڵ هاوار) لەچاپ دراون".

{ توانیومانە بەرهەمەکانی "ئەمین زەکی بەگ، تۆفیق وەهبی بەگ، عەبدولعەزیز یامولکی، محەمەد رەسوڵ هاوار، د. ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر" کۆبکەینەوە و بەشێکیان لەچاپ بدەینەوە }



تەلاری بنکەی ژین

### بوژاندنەوەی بەڵگەنامەو وێنەی مێژوویی

یەکێك لەو بوارە گرنگانەی لە بنکەی ژیندا سەرنجت رادەکێشێ، بایەخدانە بەدەستخستن و چاپکردنەوەی بەڵگەنامەو وێنە مێژووییەکان. لەو بارەیەوە مامۆستا رەفیق ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە هەریەك لە وڵاتانی: ئێران، تورکیا، بەریتانیا، فەڕەنسا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سۆڤییەتدا، هەوڵمان بۆ دۆزینەوەی بەڵگەنامە لەسەر کورد داوە، یاخود دەستخستنی (کورد) لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەو وڵاتانەدا. دیارترین ئەو بەڵگەنامانەی چاپمان کردوون، بریتین لە: بەڵگەنامەکانی سەردەمی شێخ مەحمود، هەڵبژاردەیەك لەبارەی موسڵ و کەرکوك لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی، کۆمەڵە و رێکخراوە کوردییەکان لە بەڵگەنامەکانی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیاو فەڕەنسا، بەڵگەنامەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، کوردستان لە بەڵگەنامەکانی کونسوڵی فەرەنسی، چەندین کتێبی نایابیتریش لەوبارەیەوە چاپ کراون.

{ئەو بەڵگەنامانەی چاپمان کردوون، بریتین لە: بەڵگەنامەکانی سەردەمی شێخ مەحموود، هەڵبژاردەیەك لە بارەی موسڵ و کەرکووك لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی، کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان لە بەڵگەنامەکانی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیاو فەڕەنسا}

### کۆکردنەوەو بووژاندنەوەی دەستنووس



سدیق ساڵح

مامۆستا سدیق ساڵح (ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی بنکەی ژین) لەبارەی کۆکردنەوەی دەستنوسەوە وتی "هەڵمەتێکی فراوانمان بۆ کۆکردنەوەی دەستنوسی کۆن کردووە کە لەلای هەندێ لە کەسایەتییەکان پارێزراون، تائێستاش لایەنی کەم (٤٠٠) دەستنووسمان کۆکردۆتەوە و لای ئێمە پارێزراون، هەندێکیشیان دوای سکان کردن و پاککردنەوەیان بەکۆمپیوتەر بۆ خاوەنەکانیان دەگێڕدرێتەوە".

هەروەها وتی"سکان و پاککردنەوەمان بۆ زۆربەی رۆژنامە و گۆڤارو بڵاوکراوە کوردییەکان کردووە کە تا بەر لە ساڵی (١٩٧٥) دەرچوون کە کۆی هەموویان بەمشێوەیە بووە (٤٧ بڵاوکراوە، ٩٨ گۆڤار، ٤٨ رۆژنامە، ٧٧ کتێبی کوردی، ٢٦ کتێبی عەرەبی و ١٣ کتێبی تورکی کۆن".

### هەنگاوێك بۆ ئایندە

وێڕای ئەم کارە بایەخدارانەی بنکەی ژین ئەنجامی داون، ژمارەی یەکەمی گۆڤاری (ژین)ی وەرزانەی تایبەت بە بنکەیان بڵاوکردەوە، هەروەها کۆمەڵێك کتێبی نوێی بەڵگەنامەیی و رۆژنامەوانی و مێژوویی لەبەرنامەی ئایندەیان دایە.




سەر لەنوێ بوژاندنەوەی گۆڤارە کوردییە دەگمەن و بەنرخەکان لەبنکەی ژین دا

# زەیتوون
# کتێبخانەیەکی مۆدێرن لە هەولێری دێریندا

**هەولێر/ حەمەسوار عەزیز**

**کتێبخانەی گشتیی زەیتوون ئەو باڵەخانە جوان و قەشەنگەی کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای هەولێرو لەسەر ڕێگەی هەولێر-خەبات، ڕووبەری (٣٧٥٠٠) مەتر دووجای داگیرکردووەو باخچەی سەوزو پارکی ئۆتۆمبێلی تێدایەو باڵەخانەکەش لە دوو نهۆم پێکهاتووەو لەسەر ڕووبەری (٤٥٠٠) مەتر دووجا دروستکراوەو بە بڕی (٤٠٤٠٠٠٠) چوار ملیۆن و چل هەزار دۆلار لەلایەن تیپی زەیتوونی وڵاتی کۆریای باشوور دروست کراوەو بە دیاری پێشکەش بە شاری قەڵاو منارە کراوە. ئێستا لە نێو ئەو کتێبخانەیە دوو هۆڵی تایبەت بە فەرهەنگو کەلتووری کۆریو ئەو چالاکییانەی کە لە کاتی مانەوەیان لە کوردستان ئەنجامیان داوە، هەیەو هامشۆکەرانی ئەو کتێبخانەیە دەتوانن سەردانی بکەن.**

ئەم کتێبخانە جوانە لە ٢٠٠٨/١٠/٢٢ کراوەتەوەو ژمارەیەکی زۆر هۆڵو بەشی لە خۆگرتووە، لەوانە دوو هۆڵی کتێب کە بە هۆڵی (مەحموود زامدارو عەزیزی مەلا ڕەش) ناوزەند کراون، ئەمە جگە لەوەی بەشی منداڵان، گۆڤار، ڕۆژنامەکان، هۆڵەکانی سینەما، شانۆ، کۆمپیوتەر، سیمینار، خوێندنەوەی کوڕانو کچانو کۆبوونەوەی تێدایە، هەموو ئەو هۆڵانەش بەناوی کەسایەتی ڕوناکبیرو ناودارانی ئەو شارە کراون، وەك (سوبحی کۆیی، حەمە ساڵح فەرهادی، عومەر فەرهادی، عەونی یوسف، ڕەمزی نافع، بورهان جاهید، عەبدوڵلا پەشێو و د. کوردستان موکریانی).

### کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندو ڕێگایەکی دوور!


بەڕێوەبەری کتێبخانەی زەیتون

زاهیر عەبدوڵلا بەڕێوەبەری کتێبخانەکە، تایبەت بە بڵاوکراوەی (ئاسۆی کتێبخانە) وتی: "کتێبخانەی گشتیی هەولێر کە ئێستا بە کتێبخانەی زەیتوون دەناسرێت لە ساڵی ١٩٤٣ دامەزراوەو یەکەم بەڕێوەبەری ئەو کتێبخانەیە (سەلیم موختار) بووەو ئەم کتێبخانەیە زیاتر لە (١٠٥٠٠٠) سەدو پێنج هەزار کتێبی تێدایە لە بوارە جیاجیاکانی زانستیو ئەدەبیو هونەری. کتێبەکان بە زمانەکانی (عەرەبی، کوردی، ئینگلیزی، فەڕەنسی، دانیمارکی، فارسیو کۆریین). لەنێو ئەم کتێبانە ژمارەیەکی زۆر کتێب هەیە کە لەلایەن ڕووناکبیرانی گەلەکەمان بەدیاری پێشکەش بە کتێبخانەکەمان کراوە، وەك دیاری بەڕێزان (نەژاد عەبدوڵلا عەزیز، نەژاد عەزیز سورمێ، د. محەمەد عارف، شەهید شەوکەت شێخ یەزدین و د. نافیع ئاکرەیی)".


کتێبخانەی گشتیی زەیتوون لە هەولێر

ئەم کتێبخانەیە ئەگەرچی لە باڵەخانەیەکی زۆر تازەو مۆدێرن دایەو ژمارەیەکی زۆر کتێبی لە هەموو بوارە زانستی و ئەدەبییەکان تێدایە، بەڵام تێبینی ئەوە دەکرێت وەك پێویست خوێنەران و خوێندکاران هامشۆی ناکەن، لەم بوارەوە کاك زاهیر وتی:" گەورەترین کێشەی ئێمە ئەوەیە کە تارادەیەك کتێبخانەکەمان دوورە شارەو تائێستاش هێڵی پاسی بەسەرەوە نییە، ئەمەش وادەکات کە خوێنەران نەتوانن بەشێوەی پێویست سەردانمان بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش لەگەڵ پارێزگاری هەولێر قسەمان کردووە کە هێڵێکی پاس بۆ ئەم ناوچەیە دابینبکرێت، لەبەر ئەوەی زۆرینەی ئەوانەی سەردانمان دەکەن، خوێندکارو قوتابین، ئێستاش بەشێوەیەکی ناوەندی مانگانە (٢٥٠-٣٠٠) کەس سەردانی کتێبخانە دەکەن، کە زۆرینەیان قوتابینو خەریکی توێژینەوەی زانستین". تایبەت بە شێوازی پۆلینکردنی کتێبەکان کە بەشێوە کلاسیکییەکەیەو لەسەر لیست بەڕێوەدەچێت، زاهیر عەبدوڵلا وتی:"ئێستا خەریکین ئەم شێوازە بە شێوازی کۆمپیوتەری دەگۆڕینو لە ماوەی کەمتر لە مانگێکدا بە شێوازی تازە کاردەکەین، چونکە ئێستا زۆرینەی ناونیشانەکانمان داخیلی کۆمپیوتەر کردووە".

زاهیر هۆکاری نەبوونی بەشی کتێبخانەی ئەلیکترۆنی لە کتێبخانەکەیان بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ئەم بەشە پێویستی بە بودجەیەکی گەورەیە هەیەو هیواشی خواست کە لە داهاتوویەکی نزیکدا بتوانن ئەم بەشە لە کتێبخانەکەیان بکرێتەوە، ئەوەشی ئاشکراکرد کە بەنیازن لە سەرەتای ساڵی داهاتوودا کتێب لە کتێبخانەکە ببەنە دەرەوەو بە کتێبخانەی گەڕۆکەوە سەردانی خوێندنگە سەرەتاییەکان بکەن و کتێبی جۆراو جۆر بە خواستن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بە منداڵان بدەن، بۆ ئەوەی منداڵان ئاشنابن بە کتێب و بابەتی تر لەدەرەوەی مەنهەجی خوێندن، ئەمە جگە لەوەی بەنیازن لە پارکەکانی هەولێردا، کتێبخانەی بچووك بکەنەوە کە کتێبو گۆڤارو ڕۆژنامەی تێدابێت، بۆئەوەی هامشۆکەرانی ئەم پارکانە سوودی لێوەربگرنو کاتەکانیان بە کارێکی سوودبەخش بەسەربەرن.

### گرفتەکانی بەشی کتێب

عەبدوڵلا حەسەن، بەرپرسی بەشی کتێب، کێشەکانی بەشەکەی گەڕاندەوە بۆ ئەو شێوازە کۆنەی کە ئێستا لە پۆلینکردنی کتێبەکان پەیڕەو دەکرێت کە زۆر جار ئەم شێوازە گرفت بۆ خوێنەرو ئەو فەرمانبەرەش دروستدەکات کە کتێبەکە دەدۆزێتەوە.

ئەیوب محەمەد کە مامۆستای ئامادەییەو بۆ وەرگرتنی چەند کتێبێك سەردانی کتێبخانەی کردبوو، وتی:"زۆرجار لە لیستەکە ژمارەی کتێبێك هەڵدەبژێرین کەچی کە داوای دەکەین ئەو کتێبە نییە یان ژمارەکەی هەڵەیە، یاخود ناوو ژمارەی هەندێك کتێب لە لیستی هەڵبژاردنی کتێبەکان هەیە، کەچی کتێبەکە خۆی بوونی نییە".

تایبەت بەم کێشەیە (گەرمیان محەمەد) لەبەشی کتێب وتی:"لەراستییدا هەندێك کتێب هەیە کە لە سەردەمی ڕژێمی بەعس لە کتێبخانەکە کێشراوەتەوە بەتایبەتیش ئەو کتێبانەی کە تایبەتن بە کێشەو بوونی کورد وەك نەتەوەیەك، ئەم ناوانە لە لیستەکەش هێڵیان بەسەردا هاتووە، بەڵام زۆر جار خوێنەران داوای ئەو کتێبە دەکەن بێئەوەی ڕەچاوی ئەو خاڵە بکەن، بۆیە دەستیان ناکەوێت. دەربارەی ئەوەی کە کتێب لە لیستەکانی هەڵبژاردن هەیەو لای ئێمە ژمارەکەی هەڵە بێت، ئەمە دروست نییە، بەڵام زۆرجار خوێنەرەکان بە هۆی نەشارەزاییان لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو لیستەدا، تووشی ئەو کێشەیە دەبن".

### بەشی خولاوەکان... بەخششو کێشە..!

لەبەشی خولاوەکان (گۆڤارو ڕۆژنامەکان) کە ژمارەیەکی زۆر گۆڤارو ڕۆژنامە بەرگدەکرێنو دەپارێزرێن، ژمارەیەکی زۆر گۆڤارو ڕۆژنامە پارێزراون بەتایبەتیش ڕۆژنامەکانی سەردەمی ڕژێمی پێشوو. سەعدی حەمەدەمین بەرپرسی ئەم بەشە وتی:

"ئەم بەشە سوودی زۆری هەیە، بۆ نموونە زۆرینەی بەڵگەنامەکانی ئەنفال لەم بەشەو لەنێو ڕۆژنامەکانی سەردەمی بەعس دۆزرانەوە، ئێمە


بەرپرسی بەشی خولاوەکان

حەفتاو هەشتاکانمان، لەلا پارێزراوە".

کتێبخانەی زەیتوون لە چەندین بەشی تر پێکهاتووەو وەك بەشی بەرگکردن و چاککردنەوەی کتێبەکان کە تائێستاش بەشێوەیەکی سەرەتایی و بەدەست کتێبەکان بەرگدەکرێن و چاکدەکرێنەوە، خواستنی کتێب بۆ دەرەوەی کتێبخانەش وەستێنراوە، مەگەر تەنها لە حاڵەتی تایبەت و بەرەزامەندی بەڕێوەبەر بێت، ئەوەی ئێمەش تێبینیمان کرد، بەشێکی کۆمپیوتەرو ئەنتەرنێت هەیە کە ٢٥ کۆمپیوتەرو هێڵی ئەنتەرنێتی تێدایە، بەڵام وەکو پێۆست سوودی لێوەرناگیرێت، لەبەر ئەوەی زۆینەی هامشۆکەرانی کتێبخانەی زەیتوون بێئاگایی خۆیان لە بوونی ئەم بەشە لە کتێبخانەکە نیشاندا.


هۆڵی خوێندنەوەی عەبدوڵلا پەشێو

# کتێبی چاپکراو لەبەردەم کتێبی دیجیتاڵی و ئەلکترۆنیدا

ئا. دلێر میرزا

**شۆرشی دیجیتاڵ و ئەلکترۆن، گوللەیەکی وێل نەبوو، بەڵکە بەئەنقەست سەردڵی رۆژنامەی چاپکراوی سەر کاغەزی پێکا، چونکە رۆژنامە تا هەواڵی ئەو دەستدرێژییە بڵاودەکاتەوە و بە قۆناخەکانی وەکو فیلتەری سەرۆك بەش و بەرێوەبەری نووسین و سەرنووسەر و تایپ و دیزاین و چاپ و دابەشکردندا گوزەر دەکات، تلپەی تەری تیادا نامێنێت و سارد دەبێتەوە، چونکە دەنگی گوللەکە نەك هەر دەبیسترێت، بەڵکە بەهۆی ئەم شۆرشە بەهەڵمەت و خێرا و کتوپڕییەی دیجیتاڵ و ئەلکترۆنەوە، خێراتر لە خوێندنەوەی لە سەر کاغەز، لە سایتەکاندا دەبینرێت!**



پاشەکشێ لە چاپکراوەکاندا تەنێ بواری رۆژنامەگەری دەگرێتەوە. هێشتا کتێب پارێزگاری لە ئاستی پێشکەوتووی خۆی دەکات، لەبەر تیشکی بەرهەڵستکارییەکانی پێشکەوتنی زانستی و شۆرشی زانیارییەکان و باڵادەستیی رۆشنبیریی ئەلکترۆنی بەگشت وردەکارییەکانیەوە، لە ماڵپەر و سایتەکاندا، تا دەگاتە کتێب و داستانی دیجیتاڵی و سەندیکای نووسەرانی ئینتەرنێت و هتد. کتێب بە هەموو کێشە رۆشنبیری و زانستی و خۆش و بەلەزەتەکانییەوە، لە بەر چەند هۆیەك، هێشتا هەر لە پێشی پێشەوەیە، گرنگترینیان ئەوەیە کتێب تەنێ پێویستی بەوە هەیە کەسەکە خوێندەوار بێت، لەکاتێکدا کتێبی ئەلکترۆنی پێویستی بە چەندین لێهاتوویی و زانیاری هەیە، وەکو بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و هتد... بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ناکرێ لە گرنگیی کتێبی ئەلکترۆنی کەم بکەینەوە لەپاڵ کتێبی سەر کاغەزدا، بەتایبەتی ئەوەی کتێبی ئەلکترۆنی، مەوداکان و سنوورە سیاسییەکان کورت دەکاتەوە، بەپێچەوانەی کتێبی چاپکراوی سەر کاغەز کە دەکرێت قەدەغە بکرێت، یان لە نێوان خوێنەرانیدا دەسنەکەوێت. لەکاتێکدا دەبینن رۆژنامەی ئەلکترۆنی و سەتەلایتەکان بەشێوەیەکی بەرچاو باڵادەستن بەسەر رۆژنامەی چاپکراوی سەر کاغەزدا کە لە گیانەڵادایە. لە ماوەی دە ساڵی دواییدا، خەڵکی زیاتر روویان کردۆتە ئەو شەپۆلە تەکنۆلۆژییە، چونکە خوێنەران لە رێگەی ئینتەرنێت و سەتەلایتەوە خێراتر هەواڵەکان وەردەگرن.

تۆ بڵێی کتێبی ئەلکترۆنی ببێت بە ئەڵتەرناتیڤ بۆ کتێبی چاپکراوی سەر کاغەز؟ بەو جۆرەی هەندێ لە نووسەران، بەتایبەتی لەم دەڤەرەی خۆماندا، جەختی لێدەکەنەوە، دوای ئەوەی خۆیان بایانداوەتەوە بەلای نووسین و پەخشی ئەلکترۆنی، یان بەلای دامەزراندنییەوە یاخود بەلای بەشداریی کردنیان لە دەرکردنی رۆژنامە و گۆڤارە ئەلکترۆنییەکاندا، یان بوون بە ئەندام لە سەندیکای نووسەرانی ئینتەرنێت، لەکاتێکدا زۆرینە جەخت لەوە دەکەنەوە کە هێشتا کتێبی چاپکراوی سەر کاغەز، عەرشی خۆی چۆڵ نەکردووە و ئەم جۆرە پرسیارانە سەبارەت بە پاشەکشێی پێگەکەی لە ئەمێستادا،



تەنێ بەلای نووسەرە عەرەبەکانەوە ئاراستە دەکرێت کە ریکلام بۆ سنوورداربوونی کتێبی چاپکراوی سەر کاغەز دەکەن، گوایا کتێبی ئەلکترۆنی شوێنی گرتۆتەوە. بەڕاستی ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، نووسەرانمان نایانەوێ دان بەوەدا بنێن، کتێبی چاپکراوی سەر کاغەز لای ئێمە بۆ دواوە چووە، لە بەر ئەوە نییە، بەڵکە کێشەکە لە خودی خۆماندایە، چونکە ئێمە جەماوەرێکی خوێنەر نین.

هێشتا زووە بڕیار بدەین لە سەر کتێبی چاپکراوی سەر کاغەز، هێشتا لە وڵاتانی وەکو ئەمەریکا کە زۆرتر ئینتەرنێت بەکاردەبەن، برەوی زۆری هەیە و تا ئێستا ساڵانە شوێنەکانی فرۆشی کتێب لە ئەمەریکادا هەزاران کتێبی نوێ دەخەنە روو و بە تیراژی زیاتر لە چەندین ملیۆن، ئیتر چۆن ئێمە "کە لەو گەلانەین لە بەکارهێنانی ئینترنێتدا گەلێ لە دواوەین" بڕیاری بێ بازاڕی بدەین بە سەر کتێبی چاپکراوی سەر کاغەزدا، لە بەر ئەوەی کتێبی ئەلکترۆنی شوێنی گرتۆتەوە، چونکە بەر لەوەی ئەو بڕیارە بدەین، پێویستە سەنتەری نیشتمانیی لێکۆڵینەوەمان هەبێت، ئەوە بە ژمارە و بە ئامار و بە بەڵگە روون بکەنەوە. زۆربەی گەلانی ئەم ناوچەیە، بە هۆی هەژاری یان نەخوێندەواریی ناو ریزەکانیانەوە، ئینتەرنێت بەکار ناهێنن.

دیاردەی فراوانی سەنتەری ئینتەرنێتی لە وڵاتە عەرەبییەکاندا، دەدرێتە پاڵ ئەوەی گوایە بەڵگەنین بۆ پێشکەوتن، بەڵکو بەڵگەن بۆ هەژاری، چونکە هاووڵاتی توانستی کڕینی ئامێرەکەی نییە لە ماڵەکەیدا دایبنێت، بۆیە زیاتر لەو سەنتەرانەدا بەکاردەبرێت. با رەچاوی ئەوانە نەکەین ئامێری پێشکەوتوویان لە ماڵ و نووسینگە و شوێن کارەکانیاندا، هەیە. نابێ ئێمە شانازیی زۆر بە ئینتەرنێتەوە بکەین، چونکە هێشتا ئێمە لە ناو مەودای تەونی جاڵجاڵۆکەداین و زۆربەی کتێبەکانی ناو سایتەکان، زۆربەیان بە مەبەستی ریکلام تیایاندا بڵاودەکرێنەوە، چونکە لە کتێبی چاپکراوی سەر کاغەز، زیاتر برەویان هەیە. بە هۆی کەمیی خوێنەری عەرەبەوە، واتە ئەوانەی کتێبی چاپکراوی سەر کاغەز ناخوێننەوە، لە سایتەکاندا دەیخوێننەوە. قسە لە سەر بیرۆکەی کتێبی ئینتەرنێت یان بوونی سەندیکاکانیان دەکرێت و دەڵێن: بڕوامان بە سەندیکای کتێبی ئینتەرنێتی نییە، ئەوە ناونانێکە لە شوێنی خۆیدا نییە، چونکە ئەوە توانستی داهێنانی نووسەرەکەی دەستنیشان دەکات، نەك ئەو شێوازی پەخشەی دەیگرێتە بەر. ئینتەرنێت نابێت بە ئەڵتەرناتیڤێکی راستەقینە بۆ کتێبی چاپکراوی سەر کاغەز و بەتایبەتی ئەوەی گەلێ جار لە سایتەکاندا بڵاودەکرێنەوە، متمانەپێکراونین و نازانین تا چ رادەیەك راستن. هەروەها دەڵێن: بۆ نموونە لە وڵاتانی دیکەدا ناوی سەندیکای کتێبی ئینتەرنێتیمان نەبیستووە، زۆربەی ئەوانەی لە سەر سایتەکان بە عەرەبی دەنووسن، زمانەکانیان پاراو نییە و بیرو بۆچوونیان لاوەکی و لاوازن و هەوڵ نادەن توانستی زمانەوانییان بەهێز بکەن، بەوەیشەوە ناوەستن، بەڵکە بەرگری لە هەڵەکانی خۆیان دەکەن.

## کاتی ئەوە نەهاتووە کتێبی چاپکراوی سەر کاغەز بڵاونەبێتەوە؟

هەندێ پێیانوایە کتێبی چاپکراوی سەر کاغەز، بارێکە بە ئەستەم دەکرێت پشتگوێ بخرێت و ئەستەمە بتوانرێت بەم ئاسانییە دەستی لێهەڵبگرین، ئەگەرچی سەدان شۆڕشی دیجیتاڵی بەرپا بکرێت، ئەستەمە بتوانین لە رێگەی سکرینێکەوە رۆمانێك بخوێنینەوە و بتوانیت ترپەی دڵی خۆتی لە سەر پێوانە بکەیت و هەژان و ورووژان کڵپە بسێنێت و سەندیکاکانی کتێبی ئینتەرنێتی و سەنتەرەکان و لایەنە نوێکانی ئەلکترۆنی، شتێکی ئەڵتەرناتیڤی کتێبی چاپکراوی سەر کاغەز ناخەنە بەر دەست، بەڵکە شتێك دەخەنە روو بە ئاراستەیەکی دیکەدا، ئەویش بریتییە لە دەرچوون لە بازنەی چاودێری، یان هەموارکردنی مەودایەك یان تریبونێك بۆ نووسین بۆ نووسەرە نوێکان، لە بەرئەوەی دامەزراندنی سەندیکای کتێبی ئینتەرنێتیی عەرەب، ئەڵتەرناتیڤ نییە، یان هاوتەریب نییە لەگەڵ هیچ رێکخراو یان دەزگایەکی رۆشنبیریدا، بەڵکە بیر و شێوازێکی نوێی هێناوە، بە ئامانجی هەموارکردن و کۆکردنەوەی هەموو داهێنانی ئەدەبیی ئەلکترۆنی بۆ خزمەتی دۆزە رۆشنبیری و ئەدەبییەکان، لە رێگەی ئەوەوە کە سەندیکا پێی هەڵدەسێت، لە رێکخستنی هەوڵەکان لەگەڵ دامەزراوە حکومی و ناحکومییەکاندا. دەڵێن هێشتا زووە باس لە ئەڵتەرناتیڤی کتێبی چاپکراوی سەر کاغەز بکەین، بەپێچەوانەی رۆژنامەگەریی دیجیتاڵی کە پێمانوایە خەریکە شوێنی رۆژنامەی سەر کاغەز دەگرێتەوە، ئەوەتا رۆژنامەگەریی ئەلکترۆنی وەکو سەتەلایتەکان هەڵگری هەواڵی سایتەکانن کە وا لە خوێنەر دەکەن چاوەڕوانی بەیانی نەکات بۆ ئەوەی هەواڵەکە بە ساردوسڕی بخوێنێتەوە.

## کتێب یان باری رۆشنبیریی گشتی؟

هەندێکی دی دیدێکی جیاوازیان هەیە: رۆشنبیریی ئەلکترۆنی باڵادەست و زاڵ دەبێت، چونکە کتێبی چاپکراوی سەر کاغەز ئەو شکۆدارییەی لە دەست دا کە دووبارە بۆ ماوەیەکی زۆر لە سەر تەخت بمێنێتەوە. دوای ئەوەی نووسین قۆرخ کرا لەلایەن دەستەبژێرێکەوە کە بەخت یاوەریان بوو لە زۆربەی ئەو کۆمەڵگانەدا کە زەمینە لەباربوو بۆیان بۆ پەخش، هێندەی نەبرد مێملێك بۆ کتێبی چاپکراوی سەر کاغەز پەیدابوو گاڵتەی پێناکرێت، لە سەر پێیە بۆ قۆستنەوەی دەرفەت، بۆ ئەوەی لە سەر تەخت بیهێنێتە خوارەوە، ئەویش کتێبی دیجیتاڵییە، ئەگەرچی تا ئێستا کتێبی ئەلکترۆنی نەبووە بە ئەڵتەرناتیڤی تەواو، چونکە کتێبی چاپکراوی سەر کاغەز تەنێ پێویستی بە خوێندەواری هەیە، لەکاتێکدا کتێبی ئەلکترۆنی پێویستی بە فێربوونی چەندین شتی دی هەیە لە پاڵ خوێندنەوە و نووسیندا، وەکو بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و هەروەها سەرچاوەی وزە و خزانە ناو شوێنێکەوە، بە پێچەوانەی کتێبی سەر کاغەز کە کەسەکان دەتوانن لە هەر شوێن و لە هەر کاتێکدا بە دەستییەوە بگرن. جگە لە تایبەتمەندیی پاراستن لە فەوتان، چونکە کتێبی چاپکراوی سەر کاغەز کەمتر رووبەڕووی فەوتان دەبێتەوە وەك لە کتێبی ئەلکترۆنی کە رەنگە لە چرکە ساتێك و بە کرتەیەك بفەوتێت.

ئەمە جگە لەوەی مافی نووسەر، بە پێچەوانەوی کتێبی چاپکراوی سەر کاغەز، لە کتێبی ئەلکترۆنیدا پارێزراو نییە و بە ئاسانی دەدزرێت.

ئەم کتێبە ئەلکترۆنییانە چەندین خەوشیان هەیە، لەوانە بەرزیی نرخی خوێندنەوەکان و ئەوەی رەنگە پەکیان بکەوێت و زوو کۆنبوونیان بە هۆی خێرایی پەرەسەندنی تەکنۆلۆژییەوە، وێڕای کەمیی ژمارەی ناوونیشانە رەخساوەکان لە رووی ئەلکترۆنییەوە، بە چەندین زمانێکی دیاریکراوی وەکو زمانی عەرەبی و زمانی کوردی، چونکە دابەزینی رێژەی وەرگرتنی کتێبی چاپکراو، ئایندەی کتێبی چاپکراوی سەر کاغەز هەڵناوەشێنێتەوە و رێگە لە بڵاوبوونەوەی ناگرێت، لە بەر ئەوەی هێشتا بەشێکە لە پرۆسەی فێرکاری و بەشداری بنەڕەتییە لە بەردەوامیی دامەزراوە ئابوورییە گەورەکان، هەروەها دەتوانێت بگات بە گەلێ شوێن کە تۆڕی ئینتەرنێت نایانگرێتەوە. بەڵام کتێبی ئەلکترۆنی کەمتر رووبەڕووی هەرەشەی دەستبەسەرداگرتن و قەدەغەکردن دەبێتەوە لە هەندێ وڵاتاندا کە ئەم دیاردە قێزەونە بوونی هەیە. هەروەها دەکرێ رزگاری ببێت لە کۆتەکانی قەوارەی پەخشەکان و تەواو نەبوونیان. بەڵام ئەم کەسانەی وەها بۆچوونێکیان هەیە، تەبان لەگەڵ ئەو بۆچوونانەی



پێشووتردا کە رۆژنامەگەریی چاپکراوی سەر کاغەز خەریکە بەرەو ئاوابوون دەڕوات، ئەوە سەرەتایەکە بەرەو باری رۆشنبیریی ئەلکترۆنی و پێیانوایە رۆژنامەگەریی کاغەز بەرەو تیاچوون دەڕوات، چونکە ئەنتەرنێت بە شێوەیەکی فراوان خەریکە تەشەنە دەکات و بڵاودەبێتەوە و پیشەسازیی رۆژنامەگەریی ئەلکترۆنی بە شێوەیەکی بەرچاو خەریکە گەشە دەکات و گەلێ لە تایبەتمەندیی هەیە بۆ رۆژنامەگەریی ئەلکترۆنی، وەکو خێرایی بڵاوبوونەوەی هەواڵ هەر بە گەیشتنی و نەك بەشێوەی رۆژنامەگەریی سەر کاغەز کە پێویستی بەوە هەیە بچێتە ناو کردەیەکی تولانییەوە تا بە دەستی خوێنەر دەگات.

سەرچاوە: گۆڤاری دیوانی عەرەب

# بەشداریی کتێبخانە لە بنیاتنانی ڕۆشنبیریی منداڵدا

و. محەمەد مێرگەیی*

ڕاهاتن لەسەر خوێندنەوە لە تەمەنی منداڵیدا، خۆشەویستی خوێندنەوە لای منداڵ گەشە پێدەکاتو وەك ئارەزووێکی لێدێت، هەروەها وەکو ئامرازێك لە ئامرازەکانی چەسپاندنی خودو گەشەپێکردنی لەمیانی قۆناغە هەمەچەشنەکانی ژیاندا دەستی پێوەدەگرێت. لە تێکڕای ئەم منداڵانەش، کۆمەڵگەیەکی خوێنەر دروست دەبێت کە سەرکردایەتی ژیانی زانستیو ڕۆشنبیری دەگرێتە دەستو گەشەی پێدەکاتو دەوڵەمەندی دەکات.

ئاشکرایە زۆر لە وڵاتانی جیهان، لەگەڵ جیاوازی پلەی پێشکەوتنو گەشەسەندنەکەیان، گرنگیو بایەخێکی زۆر بە خزمەتگوزارییەکانی منداڵان دەدەن، ئەمەش نیشانەو بەڵگەیە لەسەر باوەڕێکی پتەو بە مافەکانی منداڵو چاودێری کردنو ڕۆشنبیرکردنی. لەو خزمەتگوزارییانەش کە زۆر لە وڵاتان کۆششی بۆ دەکەن، تاکو پێشکەشی منداڵانی بکەن، خزمەتگوزارییە فێرکارییو پەروەردەییەکانن کە دەوڵەت لەسەریەتی بۆ ئامادەکردنی نەوەو پێگەیاندنی بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتی دروست کاربکات و بە نیشتیمانو کۆمەڵگەی بیبەستێتەوە و وا لە منداڵیش بکات کە زیاتر بە کلتووری وڵاتو نیشتیمانو نەتەوەکەی پەیوەست بێت.

هۆکارەکانی گەیاندن لەگەڵ جیاوازی و هەمەجۆرییەکەیاندا، بەشداریی ڕۆڵێکی زیندوو دەکەن لەم بوارەدا، بەڵام کتێبو ڕۆژنامەو گۆڤارەکان لە بەخشینی زانیارییەکان بە خوێنەر یاخود لە توانای بڕیاردانو ڕەخنەگرتنو گوزارشتکردن لەگەڵ هۆکارەکانی تردا جیاوازن.

لە کۆمەڵگەدا، کتێبخانەی گشتیی بە بەشێکی کاریگەر دادەنرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاریگەرییەی کە لە ژیانی گشتیدا هەیەتی لە دابینکردنی پێداویستییە پەروەردەییو ڕۆشنبیرییەکاندا، بۆیە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە ڕەگەزە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەوە هەیە، هەروەها کتێبخانەو خزمەتگوزارییەکانی بە ڕواڵەتێك لە ڕواڵەتەکانی پێشکەوتنی ڕۆشنبیری دادەنرێت، ئەمەش لەبەرئەوەی ئامڕاز و هۆکارێکی کاریگەرە لە ژیانی کەسەکاندا، چ لە ئێستاو چ لە ئاییندەدا. هەروەك زۆرێك لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان درکی گرنگی کتێبخانەکانیان کردووەو کاریان لەسەر دامەزراندنی لە قوتابخانەو زانکۆو شارو گوندو دەزگاو کۆمپانیاکاندا، کردووە، بەشێوەیەك ئەم کتێبخانانە بەوەی تێیاندایە لە کەرەسەکانی ڕۆشنبیریو مەعریفەت، بوونەتە قەڵایەك بۆ ڕۆشنبیریو زانیارییەکان کە گەورەو بچووك لە تینووانو ئارەزوومەندانی فێربوون، ڕووی تێدەکەن، هەروەها گرنگییەکی زیاتریان بە کتێبخانەکانی قوتابخانەو کتێبخانەکانی منداڵان داوە، ئەمەش لەبەرئەوەی لە ئامادەکردنی نەوەکانی داهاتوودا، بە بناغە دادەنرێن. لە ئەنجامی ئەمەدایە تێبینی ئەو خۆشەویستی و تینوویەتییە دەکەین بۆ خوێندنەوە لە لایەن گشت تەمەنەکانەوە.

خوێندنەوەو هامۆشۆکردنی کتێبخانەکان، یەکێکە لە گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە ڕۆشنبیری منداڵ دەوڵەمەند دەکەن، بۆیە دەبینین کتێبخانەکانی منداڵان، گرنگیو بایەخی زۆریان پێدەدرێت لەسەر گشت ئاستەکانی کۆمەڵایەتیو زانستیو ڕۆشنبیری، ئەمەش هەمدیس بەهۆی ئەوەی وەك هۆکارێکی گرنگو بەشێوەیەکی کاریگەر بەشداریی لە چارەسەرکردنی گرفتەکانو گەشەپێدانی مرۆییدا، دەکات.

پەیوەندی ڕۆشنبیری منداڵ بە کتێبخانەوە، یەکێکە لە شێوەو ستایلە ژینگەییە دروستەکان، کە لەسەر بنیاتنانی ئەم ڕۆشنبیرییە یارمەتیدەرە و پاڵپشتی لێدەکات، سەرەڕای ئەوەش ئەو کەسە سوود لە کتێبخانەکان وەردەگرێت، ئینجا چ منداڵ یان گەورە بێت. زۆر لە توێژینەوەکان ئاماژە بە گرنگیدان بە ڕۆشنبیری منداڵ دەکەن، لەسەر ئەو بنەمایەی پێویستییەکە و هۆشیاریی تەواو بۆ پێداویستییەکانی منداڵ و دابینکردنی دەسەپێنێت. هەروەك تەرکیز دەکرێت لەسەر توانا خودییەکانی منداڵ و گەشەپێدانی لە پێناو بنیاتنانی نەوەیەکی دروستی بەتوانا لەسەر بەخشینی بەردەوامدا.

ڕاکێشانو ئاراستەکردنی منداڵان بەرەو کتێبخانە گشتییو قوتابخانەییەکانو ڕاهێنانیانو هاندانیان بۆ سەردانکردنی، زۆربەی پسپۆڕان ئەمە بە هەنگاوی یەکەم دادەنێن بەرەو فێربوونێکی خودییو سەربەخۆ، هەروەها ڕێگایەکیشە بەرەو ڕەگداکوتانی چەمکی ڕۆشنبیری و فێربوونی بەردەوام کە مرۆڤ بە درێژایی ژیانی پێویستی پێی دەبێت.



لەچاوەڕوانی هاوڕێکانیدا..
بەشی منداڵانی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی

## ئامانجەکانی کتێبخانەکانی منداڵان

- وەدیهێنانی بارودۆخی گونجاو بۆ منداڵان لە پێناوی خوێندنەوەو خۆشگوزەراندن لە میانی دەستەبەرکردنی کتێبو کەلوپەلی هەمەچەشنی کتێبخانەیی کە لەگەڵ تەمەنو ئارەزووەکانیان دەگونجێ لە قۆناغەکانی گەشەکردنیان، لەگەڵ ئاراستەکردنی گرنگیدان بەو زانیاریانەی گرفتەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی چارەسەردەکەن.
- ڕێنوێنی کردنو ئاراستەکردنی منداڵان بۆ هەڵبژاردنی بابەتی کتێبخانەیی گونجاو بۆیانو مەشق پێکردنیان لەسەر فێرکردنی خۆیی بەردەوامو پشت بەخۆبەستن و هەوڵدان لەپێناو بەدەستهێنانی زانیاری بە کۆششی تایبەتی خۆیان.
- هاندانی منداڵان بۆ خوێندنەوەو ڕواندنی چێژی خوێندنەوە لەلایان و زانینی گرفتەکانی خوێندنەوە لەلای منداڵانو کارکردن بۆ چارەسەرکردنیان.
- یارمەتیدانی منداڵان لەسەر گەشەپێدانی توانا کەسییەکانیانو بەکارهێنانی کتێبخانە بە ڕێگەیەکی وەها کە لەسەر گەشەپێدانی بوونی کەسیی و کۆمەڵایەتییان، پاڵپشتیان بێت.
- مەشق پێکردنی منداڵان لەسەر چۆنێتی بەکارهێنانی کتێبخانەو پارێزگاری کردن لەوەی لەناویەتیو سوود لێوەرگرتنیانو ڕاهێنانیان لەسەر چەند خوونەریتێکی باشی وەکو هاوکارییو ڕێزگرتن لە بیروڕای کەسانی تر.
- هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ دەزگاکانی تری پەیوەندیدار بە چاودێری کردنی منداڵان بۆ ڕەگداکوتانی ڕۆڵی کتێبخانە "وەك هێزێکی کۆمەڵایەتی کاریگەر" لە هزر و بیروبۆچوونیاندا.

### بەشداریی کتێبخانە لە ڕۆشنبیریی منداڵدا

گشت کتێبخانە گشتییو قوتابخانەییەکان، بەشدارییەکی ڕاستەوخۆ لە ڕۆشنبیری منداڵان دەکەن، ئەمەش لەمیانی کۆمەڵێك چالاکییەوە کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادەباشیان بۆ دەکرێت، بەڵام کتێبخانەکانی منداڵان کە پاشکۆی کتێبخانە گشتییەکانن یان سەربەخۆن، بەشداری و کاریگەری زیاتریان لەسەر ڕۆشنبیری منداڵان هەیە، لە ئەنجامی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی پێشوو، بەهۆی کۆمەڵێك پرۆگرام و چالاکییەوە.

دەکرێت بەشدارییەکانی کتێبخانە لەم چەند خاڵەدا دیاری بکەین، وەك:

* بەهۆی هەمەڕەنگیو هەمەجۆری شتەکانییەوە (بابەتەکانییەوە)، کتێبخانە دەتوانێت سەرچاوەی خوێندنەوەی هەمەچەشن بۆ منداڵان لە قۆناغە جیاکانی تەمەنەکانیان دابین بکات، بەتایبەتی لە قۆناغی یەکەمدا کە بە گرنگترین قۆناغ دادەنرێتو دەبێتە مایەی ڕواندنی خووی خوێندنەوە لەلایان، ئەمەش بۆ دروستکردنی هاوڵاتییەکی وشیارو ڕووناکبیر یارمەتیدەرە، چونکە لە کتێبخانەدا پەیوەندی نێوان منداڵو بابەتەکانی خوێندنەوەو لە پێشەوەیاندا "کتێب"، توندوتۆڵ دەکرێت.

* گەشەپێدانی خۆڕۆشنبیرکردن: هاموشۆکردنی بەردەوامی منداڵ بۆ کتێبخانەو ڕەگداکوتانی خووی خوێندنەوە لە لای کە لەسەر چەسپاندنی (خۆفێرکردن–فێربوونی خودیی) یارمەتی دەدات و منداڵان ئامادە دەکات بۆ وەرگرتنو بەدەستهێنانی ڕۆشنبیری خودیی سەربەخۆو گەیشتن بە کلیلەکانی مەعریفە.

* بەکارهێنانی کتێبخانە لەلایەن منداڵو لە تەمەنێکی زوودا، وای لێدەکات کە لە ئاییندەدا زیاتر بەکاری بهێنێتو هاموشۆی بکات، بەمەش ڕۆشنبیرییەکەی زیاد دەکاتو ئاستی زانستی گەشە دەکاتو لەسەر تێگەیشتنو وەرگرتن توانای زیاتر دەبێت، هەروەك ئەمە لەسەر بەکارهێنانی جۆرەکانی تری کتێبخانەکان یارمەتی دەدات، وەك کتێبخانەکانی زانکۆ.

سەرچاوە:

بەشێکە لە بابەتی (المكتبة وإسهاماتها في بناء ثقافة الطفل)، د. رجب محمد مصباح، لەماڵپەڕی (alyaseer)ەوە بەدەستکارییەوە.

*بەرپرسی چالاکی و دابەشکردنی کتێب لەبەڕێوەبەرێتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان



کتێبخانەیەکی منداڵان لە تونس

# پێڕست "الفهرسة" Cataloging

(١-٢)

شێرزاد سەعید محەمەد

یەکێك لە کارە هونەرییە گرنگەکانی کتێبخانە، پێرست و پۆلێن کردنە، کە لە کارەکانی کتێبخانەدا، بە دوانە دادەنرێن و لەیەکتر جیاناکرینەوە. ئەگەر تەواوی کتێبخانە بە لاشەی مرۆڤ بەراورد بکەیت، ئەوا پێرست و پۆلێن، ئەرکی دڵ و مێشك دەبینن. جا دەپرسین، ئایا مرۆڤ بەبێ دڵ و مێشك کاردەکات؟ زۆر لە کارمەندەکانی کتێبخانەکانی کوردستان، گرنگی پێویستیان بە کارەکانی پێرست و پۆلێن نەداوە، بۆیە دەبینین کتێبخانەکان بەنارێکی ماونەتەوەو دروشمی سەرەکی و ئامانجی کتێبخانەیان، بەدی نەهێناوە کە بریتی یە لە (خزمەتکردنی خوێنەران بە کەمترین ماوەو ئاسانترین شێوە). دیارە زۆر جار لەڕێگای گۆڤارو ڕۆژنامەکانی کوردستانەوە، بابەتم لەسەر زانستەکانی پێڕست و پۆلێن بلاوکردۆتەوە، وە بەباشم زانی زیاتر بابەتەکانی دواترم تایبەت بێت بە تەکنەلۆجیای زانیارییەکان، بۆیە نووسینەکانی ئەم دواییەم زیاتر گرنگیدان بوو بە بواری (ڕێبەر و کورتکراوەکان و بیبیلۆگرافیاو...هتد). بەلام برای سەرنووسەر داوایکرد کە جارێکی تر لەبواری پێڕست و پۆلێن بنووسم، چونکە هێشتا زۆرێك لە کتێبخانەکانمان پێویستیان بەو زانیارییانە هەیە.

## پێناسە و کورتەیەکی مێژوویی "پێرست"

دیارە پێناسە زۆرە بۆ کاری پێڕست کردن، هەر نووسەر و زانایەکی بواری کتێبخانەو زانیارییەکان، بە جۆرو شێوازێك پێناسەی دەکەن. بەلام بە گشتی خۆی لەم پێناسانەدا دەبینێتەوە:

*پێڕست: بریتییە لە کاری ئامادەکرنی سەرچاوە ڕۆشنبیرییەکانی کتێبخانە (لە کتێب و گۆڤارو دەستنووس و نەخشەو هۆکارەکانی بیستن و بینین...هتد ). ئامادەکردنێکی هونەرییانە کە لە ڕێگایانەوە خوێنەر بە ئاسانترین شێوەو کەمترین ماوە، بە سەرچاوەکانی کتێبخانە بگات.

**پێڕست: بریتییە لە لیستێکی تۆمارکراو بە سەرچاوەکانی کتێبخانە، ئەم لیستانە ڕێکخرابێت بە شێوازی "ئەلفبێ" یی، بەپێی بابەت یاخوود ناونیشان یاخود ناوی نووسەر. جا ئەو سەرچاوانە (کتێب بێت یاخوود گۆڤار و هەر جۆرە بەلگەنامەیەکی تر)، ئەو سەرچاوانە مولکی کەسێك بێت یاخود دەزگایەك.

***پێرست: بریتیە لە وەسفکردنی شێوازی دەرەوەی سەرچاوەکانی کتێبخانە، بەپێی یاسا و ڕێنمای کە ئەو یاسا و ڕێنماییانە، لەلایەن چەند کەسێکی شارەزای بواری کتێبخانەوە دارێژراوە، کە بەهۆیەوە وەسفێکی زانستیانە بۆ ئەو سەرچاوەیە بکرێت، کە لە ڕێگایەوە خوێنەر بتوانێت بگاتە ئەو بابەتانەی کە مەبەستێتی و لە بوارە جیاجیا کانی زانستدا، سودی لێ وەربگرێت.

مێژووی فەرهەنگ بۆ (٢٠٠٠) ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، ئەویش لەئەنجامی لێکۆلێنەوە لەنووسراوی سەر (٦٢) تاتە قوڕ کە بۆ وەسفکردنی کتێبخانەی سۆمەرییەکان ئامادەکرابوو، هەروەها شێوازەکانی پێرست کردن لە دۆڵی نیلدا دۆزراوەتەوە لەسەر (١٤٠٠) پێچراوی ڕووەکی، کە بە (بەردی) ناسراوە، تێیدا وەسفی کتێبخانەکانی ئەو سەردەمە دەکات.

لەساڵی (١٣٠٠)ی پێش زاییندا، زانیاری لەسەر ناوی نووسەر هەبووە کە لەخوار تاتە قوڕەکان، دۆزراوەتەوە، ئەویش دوای دۆزینەوەی (٢٠٠٠٠) بیست هەزار تاتە قوڕ کە زانیاری لەسەر ناونیشان و ناوی نووسەر و خاوەندار و پاشای ئەو سەردەمە، بلاوکردۆتەوە.

ئەو پێرستەی کە (کلیماخووس) لە کتێبخانەی (ئەسکەندەریە) لە (٢٥٠) ساڵ پێش زایین دایناببوو، کۆنترین شێوازی پێرست کردنە، کە بە شێوەیەکی زانستی و بە لیستێك ناوی: سەرچاوەکانی کتێبخانە، ناوی نووسەرەکان، ساڵ، شوێنی لەدایك بوون، شوێنی فێربوون، نازناو و کورتەیەك لەسەر ژیانی نووسەرەکە، ئاماژەی پێداوە.

لەسەرەتادا ناونیشان دەکرا بە دەروازە بۆ پێرست، بەلام (ئەغریقییەکان) ناوی نووسەریان کرد بە دەروازە بۆ کاری پێرست کردن.

ساڵی ١٨٥٠ وەك سەرەتایەك بۆ خوێندنی پێرست دادەنرێت، بەشێوازی زانستی و ئەکادیمی.

لەکۆنگرەی یەکێتی جیهانی کتێبخانەکان کە لەساڵی (١٩٦١) لە پاریس بەسترا، لەسەر ئەوە ڕیککەوتن کە پێویستە یاسایەکی چوونیەك و بنچینەی هەبێت بۆ پێرست کردن.

ساڵی (١٩٦٧) یاسای (ئەنگلۆ ئەمەریکان) بۆ پێرست کردن بلاوکرایەوە.

**(A.A.C.R.) _ Anglo American Cataloging Rules)**

ساڵی ١٩٧٤یاسای نێودەوڵەتی بۆ وەسفی بیبلۆگرافیا بلاوکرایەوە.

(I.S.B.D) _ International Standard Bibliographical Description)

### جۆرو شێوازەکانی پێڕست

پێرست لەڕووی جۆرەوە، دەکرێت بە دوو بەشەوە:-

١- پێرستی وەسفی "الفهرسة الوصفية" Descriptive Cataloging

٢- پێرستی بابەتی "الفهرسة الموضوعية" Subject Cataloging

### شێوازەکانی پێڕست

١- پێرستی چاپکراو "فهرس المطبوع" Printed Catalog

کۆنترین جۆری پێرستە کە لە شێوەی فەرهەنگ (قاموس) دایە.

٢- پێرستی پەڕەپەڕە "فهرس المحزوم" Sheaf Catalog

ئەم پێرستە لەلاپەڕەی قەبارە (٤×٧,٥ سم) پێك هاتووە.

٣- پێرستی کارت "فهرس البطاقی" Card Catalog

ئەم پێرستە لە کارتێکی قەوارە (٧,٥× ١٢,٥ سم) پێك هاتووە.

### بەراوردێك لە نێوان شێوازەکانی پێرست و لایەنی باش و خراپی هەر شێوازێك

- لایەنە خراپەکانی پێرستی چاپ:

١- ناتوانرێت بابەتی تری بۆ زیاد بکرێت تەنها لە کاتێکدا نەبێت کە چاپی تازەی لێ دەربچێت.

٢- لەیەك کاتدا ناتوانرێت لەلایەن چەند خوێنەرێکەوە بەکاربهێنرێت.

٣- تازەکردنەوەی کات و مەسرەفی زۆری دەوێت.

٤- تەنها بۆ ماوەیەکی کاتی بەکاردەهێنرێت.

٥- ناتوانرێت بۆ کاری ئامار سوودی لێ وەربگێرێت.

- لایەنە باشەکانی پێرستی چاپ:

١- ئاسان تاووتوێ دەکرێت.

٢- دەتوانرێت لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بگوازرێتەوە.

٣- بچووکەو شوێن زۆر ناگرێت.

- لایەنە باشەکانی پێرستی پەڕە پەڕە:

+ بەئاسانی دەتوانرێت بابەتی تری بۆ زیاد بکرێت وە لێی کەم بکرێتەوە.

- لایەنە خراپەکانی پێرستی پەڕە پەڕە:

+ زوو کۆن دەبێت و دەفەوتێت و پێویستی بە تازەکردنەوە هەیە.

- لایەنەباشەکانی پێرستی کارت:

١- دەتوانرێت بە ئاسانی بابەتی بۆ زیاد بکرێت یاخوود لێی کەم بکرێتەوە، بەبێ ئەوەی کار لە سیستمی پێرستەکە بکات.

٢- پێرستێکی زیندووەو هەموو کات دەتوانرێت بابەتی بۆ زیاد بکرێت.

٣- لەیەك کاتدا چەندەها خوێنەر دەتوانرێت سوودی لێ وەربگرێت.

- لایەنی خراپی پێرستی کارت:

+ ناتوانرێت بە ئاسانی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بگوازرێتەوە.

# کورتەیەك سەبارەت بە پێڕستو پرۆسەی پێڕستکردن لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانیدا

یوسف حەمە سەعید

وشەی پێڕست (فەهرەست) وشەیەکی فارسییە بە مانای لیستی کتێب، یان لیستی بابەتەکانی ناو کتێب.

"ابن الندیم" بۆ یەکەم جار لەوڵاتانی عەرەبی لەساڵی (٣٧٧)ی کۆچیدا (٩٨٧ زاینی)، بە کاری هێناوە.

## پێڕست (فەهرەست)

ئەو کلیلەیە کە بەهۆیەوە خوێنەر دەتوانێ بە هەموو سەرچاوەکانی ناو کتێبخانەکانو بنکە زانیارییەکان، بگات.

پێڕست هەموو سەرچاوەکان ڕێك دەخات، بەشێوەیەك یان چەند شێوەیەك لە ناو کتێبخانەکانداو هەموو سەرچاوە لەیەکچووەکان یا بابەتە لێکچووەکانو بەرهەمی نووسەرێکی دیاریکراو کۆدەکاتەوە بە پێی لەیەك نزیکییان.

ئەمەش گرنگییەکی زۆری بۆ خوێنەرو لێکۆڵەرەوان هەیە کە بەهۆیەوە دەتوانن بزانن ئەو سەرچاوانەی کە پێوستیانە لە کتێبخانەدا چەند دانە هەیە، تاکو بە ئاسانترین شێوەو کەمترین کات، بتوانن بەو سەرچاوانە بگەن.

ئەم بەشە هونەرییە گرنگە جگە لە کارەکانی خۆی، ئەرکی ڕێنمایی کردنی خوێنەریش دەگرێتە ئەستۆ.

## پێڕست

وەك پردێکی پەیوەندیی لە نێوان خوێنەرو سەرچاوەدا، پێڕست دەکرێ بۆ کتێبو خولاوەکانو کەرەستەکانی بیستنو بینینو فیلمە بچوککراوەکان.

## شێوەکانی پێڕست

١ـ پێرستی چاپکراو: لە شێوەی کتێب ( Book Cataloge )

٢ـ پێرستی کارت : (Cart Cataloge)

٣ـ پێرستی کۆکراوە: ( Sheaf Cataloge)

٤ـ پێرستی بینراو:( Visible Cataloge )

٥ـ پێرستی ئۆتۆماتیکی: ( Automated Cataloge )

## جۆرەکانی پێڕست

١ـ پێرستی دانەر: ( Author Cataloge )

٢ـ پێرستی ناونیشان: ( Title Cataloge)

٣ـ پێرستی بابەت: ( Subject Cataloge )

٤ـ پێرستی فەرهەنگی: ( Dictionary Cataloge )

٥ـ پێرستی ڕێکخراو:( Classified Cataloge )

### پێڕست لەکتێبخانەی گشتیی سلێمانیدا

کتێبخانەی گشتیی سلێمانی لەسەر چەند جۆرێك فەهرەستی خۆی ڕێکخستووە.

مەبەست لەمەش ئەوەیە چەند ڕێگایەك بۆ خوێنەر بکاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێ بە سەرچاوەی مەبەست بگات.

هەموو سەرچاوەکانی سێ کارتو زیاتری بۆ کراوە بەپێی سەرچاوەکانو بەپێی پیتەکانی هیجا ریزبەند کراون لە چەکمەجەی تایبەتدا کە هەر چەکمەجەیەك لە (أ) تا (یا) لەخۆدەگرێت.

١ـ کارتی دانەر:

کە دەروازەی کارتەکە بە ناوی (دانەر) دەست پێدەکات، وە بە پێی پیتی یەکەمی دانەر یان نازناوەکەی ریزبەند دەکرێت.

٢ـ ناونیشان (عنوان):

کارتەکان بە پێی پیتی یەکەمی ناونیشان ریزبەند دەکرێ.

٣ـ سەرەبابەت (رأس الموضوع):

کارتەکان بەپێی پیتی یەکەمی بابەت ریزبەند دەکرێ.

هەروەها کارتی زیادە (الاضافی) بۆ دانەری یاریدەدەر، نووسەر، کۆکەرەوە (الجامع) بۆ سەرچاوە دەکرێت.

*بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە: د.ربحیی مصطفی علیان، اساسیات الفهرسة دلیل علمی لفهرسة المطبوعات فی المکتبات و مراکز التوشیق و المعلومات، جامعة البحرین، ١٩٩٢.


٠٧٠,٢٥
خ ٩٣٨ خەزنەدار ، جەمال .
رابەری رۆژنامەگەری کوردی / نوسینی جەمال خەزنەدار . ــ بەغداد :
وەزارەتی راگەیاندن ، ١٩٧٣ .
١٩٢ ل : ٢٤ × ١٧ سم . ــ
١ ــ رۆژنامەگەری ــ رێبەر . ٢ ــ ناونیشان .

کارتی دانەر


٠٧٠,٢٥ رابەری رۆژنامەگەری کوردی
خ ٩٣٨ خەزنەدار ، جەمال .
رابەری رۆژنامەگەری کوردی / نوسینی جەمال خەزنەدار . ــ بەغداد :
وەزارەتی راگەیاندن ، ١٩٧٣ .
١٩٢ ل : ٢٤ × ١٧ سم . ــ
١ ــ رۆژنامەگەری ــ رێبەر . ٢ ــ ناونیشان .

کارتی ناونیشان


٠٧٠,٢٥ رۆژنامەگەری ــ رێبەر
خ ٩٣٨ خەزنەدار ، جەمال .
رابەری رۆژنامەگەری کوردی / نوسینی جەمال خەزنەدار . ــ بەغداد :
وەزارەتی راگەیاندن ، ١٩٧٣ .
١٩٢ ل : ٢٤ × ١٧ سم . ــ
١ ــ رۆژنامەگەری ــ رێبەر . ٢ ــ ناونیشان .

کارتی بابەت

# بەرەو یەکخستنی سیستمی پۆلێن

ڤیان ئەنوەر

پۆلێن کردن یەکێکە لەو سیستمانەی کە هەر لەسەرەتای دروستبوونی مرۆڤایەتیەوە، لەسەر ئەم گۆی زەویە گرنگی پێداوەو هەوڵی داوە لە هەموو بوارەکانی ژیان‌و گشت بوارە زانستیەکاندا بەکاری بهێنێت بە مەبەستی ڕێکخستن‌و جیاکردنەوەو بەشبەش کردنی پێداویستیەکانی‌و زانستەکان.

یەکێك لەو بوارە گرنگانەش کە پۆلێن کردنی تێدا بەکاردێت کتێبخانەکانن، هەرچەندە زاناکانی بواری شوێنەوارناسی مێژووی پۆلێن کردن بۆ ٢٧٠٠، پێش زاین دەگەڕێنێتەوە، بەڵام زۆر بۆچوونی تریش هەیە کە ئەم مێژووە بۆ دوورتر دەگەڕێنینەوە. هەرچەندێك بێ مێژووەکەی، گرنگ ئەوەیە کە هەموو زاناکان بەتایبەتی زاناکانی بواری زانست‌و کتێبخانەکان کاری پۆلێن کردن بە کارێکی سەرەکی‌و زانستی‌و هونەری دادەنێن لەبواری ڕێکخستنی زانیاریەکاندا.

وەبەبێ بوونی پۆلێن، کتێبخانە وەکو گەنجینەیەکی بێسەرو بەرەی لێ دێت کە زۆر بەزەحمەت دەتوانێت جارێکی تر ئەو زانستانە بەدەست بێنینەوە، بەتایبەتی لەم سەردەمە نوێیەی زانستدا کە ڕۆژانە چەندەها تۆن بابەتی زانستی بەشێوەی ئەلکترۆنی‌و وەرەقی لە سەرتاسەری جیهان و بەجۆرەها زمان بلاودەکرێتەوە. ئالێرەوە گرنگی‌و ئامانجەکانی پۆلین دەردەکەوێت.

دیارە جۆرەها پێناسە بۆ پۆلێن کردن هەیە، بەڵام لەپوختترین پێناسەدا پۆلین کە بەزمانی ئینگلیزی (Classi fication)ە لە وشەیەکی لاتینییەوە وەرگیراوە، بە هێماکردنە بۆ چینێك کە ئەندامەکانی کۆمەڵ سەر بەو چینەبن.

لەبواری کتێبخانەشدا، پۆلێن بریتییە لەکاری شیکردنەوەو دانانی سەرچاوەکانی کتێبخانە پێکەوە لەسەر ڕەفەکان بەپێی بابەتەکانیان وەبەپێی ئەو پەیوەندیەی لەنێوان بابەتەکاندا هەیە.

کۆکردنەوەی ئەو بابەتانەی کە لێك دەچن‌و جیاکردنەوەی ئەو سەرچاوانەی کە لێك ناچن، دواتر دابەشکردنی ئەو سەرچاوانە بە لقی تر، تا نزیکترین لق‌و بەش.

لەماوەی ١٥٠ساڵی ڕابردوودا، جۆرەها سیستم بۆ ڕێکخستنی سەرچاوەکانی کتێبخانە دانراون کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١- پۆلێنی دیوی دەیی
٢- پۆلێنی کتێبخانەی کۆنگرێس
٣- پۆلێنی دەیی جیهانی
٤- پۆلێنی فراوان (کەتەر)
٥- پۆلێنی بیبلیۆگرافی (بلیس)
٦- پۆلێنی بابەتی (براون)
٧- پۆلێنی داش (الشارحە) یاخود پۆلێنی (رانگا ناسان)
٨- پۆلێنی نێودەوڵەتی (رایدەر)

دیارە لەنێوان ئەم هەموو سیستمانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، پۆلێنی "ملفل دیوی" یەکێکە لە کۆنترین‌و بلاوترین سیستمەکان پۆلێن کە زیاتر لە (٢٠٠,٠٠٠) کتێبخانەی جیهان لە (١٣٥) وڵاتدا، بەکاردەهێنرێت و وەرگێڕاوەتە سەر زیاتر لە (٤٠) چل زمانی جیهانی وە لە ٩٥٪ کتێبخانە گشتیەکان‌و ٢٥٪ کتێبخانەی قوتابخانەکان‌و ٢٠٪ کتێبخانەی کۆلیج‌و پەیمانگاکان لەجیهاندا، ئەمە بەکاردەهێنرێت.

ئەوەی جێگای سەرنجە کە لەسەردانمدا بۆ زۆربەی کتێبخانەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان (زانکۆ، گشتی، خوێندنگاکان، تایبەتەکان) ئەم سیستمی پۆلێنکردنە بەشێوەیەکی پێویست بەکارنەهاتووە. بۆ نموونە: لە هەندێ کتێبخانەی کوردستاندا چاپی دەیەم‌و دوانزەهەم‌و هەژدەهەم بەکاردەهێنرێت، لەکاتێکدا لە کوردستاندا چاپی بیست‌و یەکەم، بەزمانی عەرەبی‌و بە زمانی ئینگلیزی دەست دەکەوێت، پێدەچێت لەم نزیکانە چاپی ٢٣ هەمیش بە زمانی ئینگلیزی بکەوێتە بازاڕەوە. لەلایەکی ترەوە زۆر لە کتێبخانەکان نەچوونەتە ناو وردەکاریەکان لەبەکارهێنانی ئەم سیستمەدا، بۆیە ئەمڕۆ لەزۆربەی کتێبخانەکاندا لەڕێکخستنی ئەو سەرچاوانەدا ناڕێکیەکی زۆر دەبینرێت و ئامانجەکانی کتێبخانەی سەردەمیان تێدا نابینرێ.

دیارە ئەمانەش هۆکاری زۆری هەیە لەوانە:

١- نەبوون‌و کەمی کادری پێویست‌و پسپۆر لەبواری کتێبخانەو زانیاریەکاندا لەکتێبخانەکانی کوردستان.

٢- نەبوونی خشتەکانی پۆلێن کردن بەشێوازێکی فراوان بەجۆرێك هەر کتێبخانەیەك خاوەنی لانی کەم دانەیەك لەو سەرچاوانە بێت.

٣- نەبوونی دەزگایەکی تایبەت لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئەرکی دابینکردن‌و وەرگێڕانی سیستمەکانی پۆلێن کردن بۆ سەر زمانی کوردی لەئەستۆ بگرێت، هەروەها ناچارکردنی سەرجەم کتێبخانەکانی کوردستانیش، بۆ پەیڕەوکردنی ئەو سیستمە.

٤- پێدانی بواری تایبەتمەندیەتی (تخصیص) لەبواری زانستی زانیارییەکان‌و کتێبخانەدا، بەو خوێندکارانەی کە ئەم بەشە تەواو دەکەن، هەروەها پێدانی پسپۆری لەبواری پۆلێن کردندا.

دیارە یەکخستنی سیستمەکانی پۆلێن کردن لەسەرجەم کتێبخانەکاندا، ئامانجی گەورەتری لەدوا دەبێت بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە سەردەمی کتێبخانەی ئەلکترۆنییە. ئەگەر بێتوو لەئێستاوە خەریکی ئەو یەکخستنە بین، ئەوا لەداهاتوشدا ناتوانین کتێبخانەکانمان لەڕێگای نێتۆرکەکانەوە پێکەوە بیبەستینەوەو دواتریش بە کتێبخانەکانی جیهانەوەی ببەستین.

بۆیە لێرەدا داوا لەوەزارەتە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم دەکەم "وەزارەتی (پلاندانان، خوێندنی باڵا، پەروەردە، ڕۆشنبیری، ئەوقاف" کە پێکەوە بە هەمە ایەنە لەنزیکترین دەرفەتدا، کۆببنەوە بۆ وتووێژکردن لەسەر ئەم بابەتە هەستیارە، بە ئامانجی یەکخستنی سیستمەکانی پۆلێن کردن لەسەرجەم ئەو کتێبخانانەی کە سەر بەو وەزارەتانەن، بۆ ئەوەی لەداهاتوویەکی نزیکدا کتێبخانەکانی کوردستانیش لەڕێگای تۆڕی ئەنتەرنێتەوە، پێکەوە بەکتێبخانەکانی جیهانەوە ببەسترێتەوە، بەئامانجی پێدانی زانیاری بەسەرجەم خوێنەران لەبوارە جیاجیاکاندا، بەکەمترین ماوەو ئاسانترین شێوە.




## لەکتێبخانەی کوردییەوە

# ژیانی کوردەواری

بوار نورەدین

کتێبی (ژیانی کوردەواری) نووسەری فەڕەنسی "تۆ مابوا" نووسیویەتی و بەڕێز "ئاواز زەنگەنە" لە فەڕەنسییەوە بۆ زمانی عەرەبی وەریگێڕاوە و مامۆستا "حەمە سەعید حەمە کەریم"یش لە عەرەبییەوە بۆ کوردی وەریگێڕاوەتەوە. ژمارە (٤٩)ی بلاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی و ژمارە سپاردنی (٧٤١)ی ساڵی ١٩٨٠ی وەرگرتووە و لەچوارچێوەی کتێبێکی (٢٩٢) لاپەڕەیی قەوارە (١٦×٢٣) سم دا لە چاپخانەی (زانکۆی سلێمانی) چاپ کراوە. وەرگێڕاوە عەرەبییەکەش بەناوی (مع الأکراد) لەلایەن (وزارة الثقافة و الأعلام/ مدیریة الثقافة الکردیة العامة) لە ژێر ناوی (سلسلة الکتب التأریخیة -١-) لە چاپخانەی (دار الجاحظ) لە بەغداد لە ساڵی ١٩٧٥دا چاپ کراوە.

ناوەرۆکی ئەم کتێبە، ١٠ بەشی سەربەخۆیە و هەر بەشێکیش لە چەند تەوەرێك پێکهاتووە کە بەپێی سەرەتای بەشەکان، ئەمانەن: پێشەکی، کوردستان، لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی گەلی کورد، ژیانی کوردەواری، ڕژێمی کۆمەڵایەتی، خێزان، کاتی بێ ئیشی، ڕۆژە شوومەکانی کوردەواری، ئایینی کوردەواری، ئەفسانە و شتی پڕوپووچی ناو ئایینی کوردەواری، ئەدەب، دوا وشەی وەرگێڕ بۆ عەرەبی، سوپاس. بەڵام لە نووسینەوەی ناوەڕۆك لەپاشکۆی کتێبەکەدا، ئەم ناونیشانانە نەنووسراون، بەڵکو تەنیا تەوەرەکان نووسراون.

"تۆ مابوا- Thomas Bois" لە ساڵی ١٩٠٠ لە "دنکرك- فەڕەنسا" لە دایك بووە و خۆرهەڵاتناس و "باوکێکی دۆمەنیکان" بووە و لە ساڵی ١٩٢٧ وە بۆ خۆرهەڵات نێردراوە، هەر لەم کاتەوە کۆمەڵێك بابەتی دەربارەی (زمان، مێژوو، ئایین و ڕەوشی تایبەتی کورد) نووسیوە و لەو گۆڤارانەدا بلاوی کردوونەتەوە کە لە ئەورووپا تایبەت بە "خۆرهەڵات" بوون. زمانی سریانی و عەرەبی و کوردی زانیوە و لەساڵی ١٩٧٥ کۆچی دوایی کردووە.

هەندێك لە خۆرهەڵاتناسەکان بە کاری فەرمی (سیاسی یان ئایینی) هاتوونەتە کوردستان و لەپێناو کارەکەی خۆیاندا، لەسەر کوردیان نووسیوە؟! بەڵام هەندێکیان تەنیا مەبەستیان کاری خۆرهەڵاتناسی بووە، هەرچەند لەوەدەچێت "تۆ مابوا"ش بەکارێکی تایبەت نێردرابێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، وادەردەکەوێت کە دۆستی "کورد" بووبێت، ئەوەتا دکتۆر نوری تاڵەبانی لە پێشەکی کتێبی (الکرد- دراسة سوسیولوجیة و تاریخیة، باسیلی نیکتین، ئاراس، ٢٠٠٤، چاپی سێیەم، هەولێر)دا کە پێشتر لەلایەن کۆمەڵێك وەرگێڕی لوبنانییەوە بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕدراوە (*) دەڵێت: ((لە ناوەڕاستی شەستەکاندا تۆ مابوا لە پاریس پێی وتم، وەرگێڕانی ئەم کتێبە بۆ زمانی عەرەبی لە لوبنان، بە بێ ویژدانی کراوە و دەستکارییان کردووە و...هتد، داوای لێکردووم کە دووبارە وەریبگێڕمەوە...)).




ئەوەی ڕاستی بێت، ئەم کتێبەش (ژیانی کوردەواری) یەکێك لەو سەرچاوانەیە کە شایەنی هەڵوێستە لەسەر کردنە، چونکە ئەم خۆرهەڵاتناسە، لەسەر کۆمەڵێك بواری تایبەت بە "کورد"ی نووسیوە، جگەلەوەش خۆی باوەڕی بە نەتەوەبوونی کورد هەبووە، ئەوەتا لە پێشەکییەکەیدا بەناوی (کوردستان) دەڵێت: ((کوردستان، بەتەواوی ئەکەوێتە ناوجەرگەی ئاسیای بچووکەوە، بڕبڕەی پشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە... ڕووبەرەکەی بە قەدەر نزیکەی ڕووبەری فەڕەنسا دەبێت، وە ئەچێتە ناو بەشێکی زۆر لە خاکی تورکیا و ئێراق و ئێران، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو گەلەی کە لەم ناوچەیەدا ئەژی، بەناوی خۆیەوە ناوئەبرێت و بە شانازییەوە ڕەگەز و زمان و مێژووی خۆی جیایە، لەگەڵ تورك و فارس و عەرەبدا...)).

ئەم کتێبە دەیان باس و خواس لەخۆدەگرێت کە هەریەکێیان بە چەندین کتێب مافی تەواو وەرناگرن، بەڵام بەداخەوە "تۆ مابوا" بەکورتی تیشکی خستوونەتەسەر، هەروەها کەمیش کەڵکی لەسەرچاوەی دیکە وەرگرتووە، وەرگێڕیش "ئاواز زەنگەنە" هەستی بەمە کردووە و لەپاشکۆی کتێبەکەدا ئاماژەی بە هەندێك خاڵی لەمجۆرە کردووە.

لەوەرگێڕانەکەشدا (فەڕەنسی- عەرەبی) ناتەواوی بەدەردەکەوێت، بۆ نموونە نووسەر لە لاپەڕە (١٧)دا دەڵێت ((ئەو کانیاوانەی کە لە (بینگول) هەڵئەقوڵێن و ...)) کەچی وەرگێڕی فەڕەنسی- عەرەبی "ئاواز زەنگەنە" پەراوێزێکی بۆ وشەی بنگول نووسیوە و دەڵێت (**): ((وشەیەکی تورکییە، مانای (هەزار گۆم) یان (هەزار گوڵ) ئەگرێتەوە))، ئەوەی ڕاستی بێت "بینگوڵ" ناوچەیەکە لە باکووری کوردستان. هەروەها لە ناونیشانی کتێبەکەشدا جیاوازی هەیە؟ چونکە (مع الأکراد) نابێتە (ژیانی کوردەواری)، بەڵام بەداخەوە بۆم ساغ نەبووەوە کە ناوە فەڕەنسییەکەی چییە؟ چونکە لە هیچ یەکێکیاندا هیچ زانیارییەکی وەك "وێنەی بەرگ" دەرنەکەوتووە، هەروەها، لەگەڵ نووسینی ئەم بابەتەدا بۆم دەرکەوت کە سێ کتێب بەناوی "تۆ مابوا"وە بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕدراون و هەرسێکیشیان لەیەکتر جیاوازن، تەنانەت لە شێوازی داڕشتن و وەرگێڕانی ناونیشان و ناوەڕۆکیشدا جیاوازی زۆریان لێدەردەکەوێت کە بەداخەوە نەمتوانی ڕاسترینیان دەست نیشان بکەم (***)، هەروەك لە ئەنتەرنێتیشدا بۆی گەڕام، ناوە ئینگلیزییەکەی (The Kurds) کە ئەمیش بە مانای (کوردەکان) دێت و بەرامبەر هیچ یەکێك لەو ناونیشانانە نایەتەوە کە بۆ ئەم کتێبانە دانراوە؟

لەکۆتاییدا، ماوەتەوە بڵێین کە ئەم کتێبەش یەکێکە لە سەرچاوە بایەخدارەکان و پێویستی بە دووبارە چاپ بوونەوە هەیە، لە هەمانکاتیشدا پێویستە وەرگێڕانەکەی یەکبخرێت یان جارێکی دیکە لە فەڕەنسییەوە وەربگێڕدرێتەوە.

**پەراوێزەکان:**

(*): بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: الأکراد- أصلهم، تأریخهم، مواطنهم، عقائدهم، عاداتهم، آدابهم، لهجاتهم، قبائلهم، قضایاهم، طرائف عنهم، من منشورات "دار الروائع" مطبعة: الجهاد، بیروت، ١٩٥٨.

(**) لەسەرەتای کتێبەکەدا، وەرگێڕی (عەرەبی- کوردی) پەراوێزی خۆی لە هی وەرگێڕەکەی تر "ئاواز زەنگەنە"، جیاکردووەتەوە.

(***) بڕوانە:

- لمحة عن الأکراد و حالتهم الأجتماعیة و الأدبیة و الثقافیة (فصل خاص عن الفولکلور الکوردي)، تۆ مابوا، وەرگێڕانی: محەمەد شەریف عوسمان، بە یارمەتی کۆڕی زانیاری کورد چاپ کراوە، چاپی یەکەم، چ (النعمان)، نەجەف، ١٩٧٣، لە ١٥٢ لاپەڕەی قەوارە (١٧×٢٤) سم پێکهاتووە.
- الأکراد و کردستان، للمستشرق الفرنسي توما بوا، ترجمة: صلاح فرحان، مکتبة أزمر للطباعة و الأستنساخ، سلیمانیة (ساڵی چاپکردنی لەسەر نییە، بەڵام پێشەکییەکەی لە نیسانی ١٩٩٤دا نووسراوە) لە ١٣٨ ی قەوارە (١٧×٢١) سم پێکهاتووە.
- هەروەها کتێبی (مع الأکراد) کە لەسەرەتادا ئاماژەم پێکردووە.

# ASOY KTEBKHANA

Sulaymania Public Central Library

NO. 4 – 13/1/2010


## کتێبخانەی شەرەفخان

کتێبخانەی گشتیی (شەرەفخان) هەموو رۆژێك لەکاتژمێر (٣)ی پاش نیوەڕۆ تا کاتی خۆرئاوابوون، دەرگای بۆ خوێنەرو قوتابیانو توێژەرانو رۆژنامەنووسانو هونەرمەندان کراوەیە، تەنیا رۆژی (هەینی) نەبێ.

کتێبخانەی گشتیی (شەرەفخان) هەموو جۆرە کتێبێکو گۆڤارێکو رۆژنامەیەکی تێدا دەست دەکەوێ بەزمانەکانی کوردیو فەڕەنسیو فارسیو عەرەبیو ئینگلیزیو تورکیو زمانەکانی تریش.

کتێب بردنە دەرەوە قەدەغەیە، بەڵام هەر لەناو کتێبخانەدا دەتواندرێ هەر لاپەڕەیەکی پێویست بەنرخێکی زۆر هەرزان فۆتۆکۆپی بکرێت. جێگای راحەتو ئارام بۆ خوێندنەوە لەناو هۆڵەکەدا هەیە.

شوێنی کتێبخانەی شەرەفخان: رێگای بەرەو کەرکوك، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیس، بەرامبەر رۆژنامەی بارزان.

ژمارەی تەلەفۆن: ٠٧٥٠٤٦٦٨٩٢٧

## رووسیا.. میوانی شەرەفی پێشانگای کتێبی قاهیرە



**رۆیتەرز**

پێشانگای کتێبی نێودەوڵەتی قاهیرە، وڵاتی رووسیای وەکو میوانی شەرەف بۆ خولی نوێی بانگهێشت کرد، کە لە رۆژی ٢٨ی ئەم مانگەدا دەکرێتەوە.

لێپرسراوی پێشانگاکە رایگەیاندوە، بەشداریی رووسیا لەخولی چلو دووەمینی پێشانگاکەدا لەبەرزترین ئاستدا دەبێ، بەشێوەیەك رەنگدانەوەی ئەو پەیوەندییە سیاسیو مێژوویی و کلتورییە کەوا لەنێوان هەردوو وڵاتدا هەیە.

سەرچاوەیەکی دیکەش لە پێشانگاکە کە تا رۆژی ١٠ی مانگی شوباتی داهاتوو دەخاینێ رایگەیاند، بێجگە لەنمایشی کتێب، پێشانگاو کۆڕی رۆشنبیریو نمایشی فۆلکلۆر لەلایەن تیمە رووسییەکان ئەنجام دەدرێت.

هەروەها وتی:

هەرچۆن جێگایەکی تایبەتیش تەرخان دەکرێت بۆ کتێبەکانی نووسەری بەناوبانگی رووسیا (ئەنتوان چیخەف)ی چیرۆکنووسو شانۆنامەنووس، کە بریتی دەبێت لەسەرجەم کارە وەرگێڕدراوەکانی بۆ سەر زمانی عەرەبی.

## نوری سەعید قادر.. خەرمان بەرەکەت

**ئا. تابان حەسەن**

ئەوانەی تیشکی چاوەکانیان دەبەخشنە پەیڤی کوردیو لەژیانیدا کتێبخانەی کوردیی دەوڵەمەند دەکەن، ئەمڕۆو داهاتوو دەبنە ناوی درەوشاوەی کۆمەڵی کوردەواریی.

یەك لەوانە، مامۆستای دەستڕەنگین(نوری سەعید قادر)ە کە خاوەنی(٦٧)کتێبی چاپکراوە.

مامۆستا نوری بە(ئاسۆی کتێبخانە)ی راگەیاند:

ـ کتێبە چاپکراوەکانم بریتین لە(٥٨)وەرگێڕانی چیرۆکی منداڵان، لە عەرەبیو ئینگلیزییەوە بۆ کوردی، دوو فەرهەنگی وێنەدار هەر بۆ منداڵانو دوو کتێبی دەروونزانیی، دوو کۆمەڵە



چیرۆکی منداڵان لە نووسینی خۆمو دوو کۆمەڵە چیرۆکی بیانیی وەرگێڕراو، لەگەڵ کۆمەڵێ تێکستی شانۆیی وەرگێڕراو.

سەبارەت بە بەرهەمە ئامادەکراوەکانیشی بۆ چاپ وتی:

ـ ٤٠ ناملیکەی وەرگێڕاوم بۆ منداڵان ئامادەیە بۆ چاپ لەگەڵ کۆمەڵێ وتار سەبارەت بە پەروەردەی منداڵو کتێبێکی زانستیی وەرگێڕدراو.

شایانی باسە، یەك لەچاپکراوە نوێیەکانی ئەم مامۆستا فرەبەرهەمە بریتییە لە کتێبی(قەرەج)ی جان پول کلیبر، کە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی کۆمەڵایەتی فۆلکلۆرییەوە لە عەرەبییەوە کراوە بە کوردیو کۆتایی ٢٠٠٩ لەلایەن (بەڕێوبەرایەتی خانەی وەرگێڕان) لە سلێمانی لە(٤٣٨) لاپەڕەدا لەچاپدراوە.

## پیاوێك لە رۆژنامە !



**راستی**

لەگەڵ چوونە ژوورەوەتدا بۆ بەشی گۆڤارو رۆژنامەکانی کتێبخانەی نێونەتەوەیی لەستۆکهۆڵم، بەر لە دیتنی هەر چاپکراوێك، پیاوێك کە رۆژنامەی پۆشیوەو بە چاویلکەوە سەرنجی رۆژنامەیەکی سویدی دەداتو لەناو دەروازەی کتێبخانەکەدایە.

دەشێ بێدەنگیی ئەم پیاوە دروستکراوە، داوای هێمنی لە هامشۆکەران بکات، بێجگە لەناساندنی بەشەکە بەخوێنەران.

## کتێبخانەی ئەسکەندەرییە

## رێز لە گەورە هونەرمەندانی میسر دەگرێت





بەپێی راپۆرتێکی ئاژانسی (رۆیتەرز)، ئەمساڵ کتیبخانەی ئەسکەندەرییە ئاهەنگێك بۆ رێزلێنان لە ناوە گەورەکانی سینەمای میسریو جیهانیی ساز دەکات.

هەروەها سیمینار سەبارەت بە ١٠١ فیلم دەبەستێ.

هەر ئەمساڵ کتێبخانەکە ئاهەنگ بۆ رێزلێنانی ژمارەیەك لە سینەماکارانی میسر بەبۆنەی تێپەڕبوونی سەد ساڵ بەسەر لەدایکبوونیادا دەگێڕێت، ئەوانیش هەردوو دەرهێنەر:

نیازی مستەفا (١٩١١–١٩٨٦) و ئیبراهیم عەممارە (١٩١٠–١٩٧٢)و ئەکتەری بەناوبانگ مەحمود مەلیجی (١٩١٠–١٩٨٣) ن.

هەرلەو ئاهەنگەشدا فیلمەکانی (سلامة فی خیر)ی نیازی مستەفاو (الدکتور)ی عەممارەو (الجریمە والحقاب)ی مەلیجی نمایش دەکرێت.

هاوکات چواردە فیلمی میسری نمایش دەکرێن کەدوانزەیان لەلیستی سەد فیلمی هەڵبژاردەی کتێبخانەکەدان.

سەرچاوەیەك لەکتێبخانەکە رایگەیاندووە: سەنتەری هونەری سەر بەو کتێبخانەیە بەرنامەیەکی بۆ ئەمساڵ داڕشتووە بۆ ئاهەنگێڕان بەبۆنەی تێپەڕبوونی ١١٥ ساڵ بەسەر داهێنانی سینەماتۆگرافی (لۆمیر)، کەبرایانی لۆمیر داهێنەرین.






سەرنووسەر
یاسین قادر بەرزنجی

راوێژکاران
ئاری بابان ـ شێرزاد سەعید

ستافی کارا
تابان حەسەن ـ بوار نورەدین ـ ساکار عەلی

نەخشەساز
مەهدی ئەحمەد

تایپو هەڵەبڕی
بەیان عەلی ـ بەهرە عیزەدین

کارگێڕی
ئاشتی دانش



ناونیشان: سلێمانی، شەقامی سالم، کتێبخانەی گشتیی

ت: ٣١٢٢٧١٦

Email: asoyktebkhana@yahoo.com